# 2 + 5

گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە

زانا خەلیل و باهۆز مستەفا

دەریدەکەن

4

# 2 + 5

**گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە**
**زانا خەلیل و باهۆز مستەفا**
**دەریدەکەن**

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: شۆڕش غەفووری

ژمارە (چوار)ی بەهاری ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە



## بۆ ئەم ژمارەیە:


2

| | |
|---|---|
| ٤ ـ ٢٣ | زانا خەلیل |
| ٢٤ ـ ٣٩ | باهۆز مستەفا |

+

5

| | |
|---|---|
| ٤٠ ـ ٥٥ | فەرهاد پیربالْ |
| ٥٦ ـ ٧٥ | شێرزاد حەسەن |
| ٧٦ ـ ٩١ | ڕزگار شێخانی |
| ٩٢ ـ ١١٣ | شۆڕش غەفووری |
| ١١٤ ـ ١٣٠ | شێرزاد هەینی |



# زانا خەلیل

ـ حیکمەتی گەوران

ـ لە پێناو تۆدا

ـ کە گەیشتمە دۆزەخ

ـ ئەورۆ، ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم

ـ تاتۆ

ـ کۆد

ـ لە فیلمی cast away

ـ گۆرانیی قەلەڕەش لەسەر خۆی

ـ ئـــازادیی

ـ ئەو ئەکتەرەی لە پێناو شانۆ خنکا

ـ لە ستایشی کەر

ـ پیاوێکی سەیر

## برناردشۆ:

ئەگەر ژن وردبین بێت، لە گەڕان بە دوای خاسیەتەکانی پیاوێکی گونجاو، ئەوا هەرگیز زەواج ناکات.

# حیکمەتی گەوران



# لە پێناو تۆدا

کوا ئەو پیاوەی پێیدەگوتی:
لە پێناو تۆدا
زەریا شەق دەکەم؟
هێشتا هەر خەریکی
شەقکردنی زەریایە؛ یا خنکا؟



کوا ئەو پیاوەی پێیدەگوتی:
لە پێناو تۆدا
دژ بە هەموو دنیا دەجەنگم؟
هێشتا هەر دەجەنگێ؟
یا لەو شەڕانەدا کوژرا؟

کوا ئەو پیاوەی پێیدەگوتی:
لە پێناو تۆدا
هەموو ژنانی دنیا دەسڕمەوە؟
سڕییەوە؟
یا هێشتا هەر لە باوەشی ژنەکەیەتی؟

ژنە سەری بادەدا و دەڵێ:
هیچ حەیوانێکم نەدیتیە لە پیاو درۆزنتر.

# کە گەیشتمە دۆزەخ



کە گەیشتمە دۆزەخ
لە صفرەوە دەسپێدەکەم
دەچمە لای ئادەم و لێیدەپرسم:
ئەگەر بە خوات بگوتبا
لە جیاتی حەوا
ژنێکی چینیم بۆ بخولقێنە
ئەو کات نە سێوی دەخوارد و

نە قابیل؛ هابیلی دەکووشت و
نە براکانیش ئاوا یەکتریان زیندەبەچاڵ دەکرد
ژنە چینیەکە مارەکەی دەخوارد نەک سێو
ئێمەش تا ئێستا لە بەهەشت دەماینەوە.

# گەوڕۆ، ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم

بەیانی هەستام
بە پێوەبووم، دەکەوتم
دادەنیشتم، دەکەوتم
ڕادەکشام، ڕادەچڵەکیم.

کە بە پێوەبووم خۆم بە دیوار دەگرتەوە
کە دادەنیشتم خۆم بە دەسکی قەنەفە دەگرتەوە
کە ڕادەکشام، ڕادەچڵەکیم.

ماوەیەکە
سەرم کێشەی بۆ درووست کردووم
نە دەیەوێ بە پێوەبم و
نە دەیەوێ دانیشم و
نە دەشیەوێ ڕاکشێم.

چوار دکتۆرم گۆڕیوە
هیچیان نازانن بۆچی سەرم
کێشەم بۆ درووست دەکا.

لە سعات شەشی بەیانییەوە تا نۆ و نیو،
تەحەمولی ئەو مەسخەرەیەم کرد
کە بووە سعات _دە_
لە ماڵەوە ڕامکرد و
لە نادییەک دانیشتم
سێ چارێگ عەرەقم خواردەوە
ئێستا کە ئەو شیعرە بە مەستیی دەنووسم
من باشم                 من زۆر زۆر باشم.



داپیری بابی
ژنێکی غەجەر بوو
لامل و
ناو سینگی
هەمووی تاتۆ بوو
ئادەم و حەوای لەسەر مەمکی چەپی کێشابوو
نوح و کەشتی، لەسەر مەمکی ڕاستی
خاچیش لەنێوان مەمکەکانی
ئێستایش زوو زوو
داپیری بابی دێتەوە یاد و
لە خۆی دەپرسێ:
ئۆهـ خودایە
ئەوە ژن بوو
یا دەفتەری ڕەسم!؟

تاتۆ

**جاك پرێڤێر**

**Jacques Prevert**



# کۆد



پاشا: ئەی گاڵتەجاڕ بە پێکەنینم بێنە.
گاڵتەجاڕ: گەورەم
وەزیری یەکەمت بێ مێشکە
وەزیری دووەمت گەمژەیە
وەزیری سێیەمت گێلە و
وەزیری چوارەمت...
پاشا لە پێکەنیندا دەنگی نامێنێ و
دواتر دەڵێ: بوەستە ئەی گاڵتەجاڕ
رێگاچارەیەکم پێبڵێ..
گاڵتەجاڕ: گەورەم رێگاچارە ئەوەیە
کە تۆ مەلیکی بێ مێشکانی.

تـۆم هانكـس كـە لـە رووداوێكـدا تەيارەكـەی دەكـەوێ و لـە دوورگەيەكـدا چەنـدان سـاڵ بـە تەنيـا دەمێنێتـەوە، بەرگـری دەكا تـا لـە ژيانـدا بمێنـێ، وێنـەی رووخسـارێكی لەسـەر تۆپێـك كێشـا و نـاوی لێنـا _ويلسـون_ و كرديیـە هاوڕێـی. بەرگـری كـرد تـا تەسـليم نەبـێ، بـە خەياڵـی ئـەوەی لـە كەنارێكيـتری دنيـا ژنەكـەی كـە خۆشيدەويسـت و ژيانـی رابـردووی چاوەڕێـی دەكـەن.

ئـەو تەخەيولـە هۆكارێكـی بەهێزبـوو تـا بەلەمێـك دروسـت بـكا و ئۆقيانـۆس ببـڕێ و بگاتـەوە خاكـی خـۆی و خـۆی رزگار بـكا و لـە مـردن بگەڕێتـەوە، بـەڵام كـە گەيشـتەوە چـی بينـی؟


هاوڕێكانـی پێيـان وابـوو ئـەو مـردووە، ژنەكـەی هەنـدێ بـۆی گريابـوو، دواتـر لـە بيـری كردبـوو، لـە نوێـوە كەسـێكيتری خۆشويسـتبوو، مێـردی پێكردبـوو، ئـەوی هـەر لـە بيـر نەمابـوو. ئەويـش لـە دوورگـە، شـەو و رۆژ لەگـەڵ وێنـەی ژنەكـەی دەدوا و لـە پێناويـدا دەجەنـگا تـا نەمـرێ. كـە گـەڕاوە شـتێكی بينـی تەوەقوعـی نەدەكـرد، كـەس بـە دوايـدا نەگەڕابـوو، پێيـان وابـوو مـردووە، پرسـەيان بـۆ دانابـوو، ژيانيـش بـە بـێ ئـەو بەردەوامبـوو.

_جا مەرج نييە ئەوەی تۆ بە دوايدا دەگەڕێيت بە دواتدا بگەڕێ بەڵام هەر ئەو بيرۆكەيە هۆيەكمان پێدەبەخشێ تا بەرگريی بكەين. هەموو شتێ لە پێناو خۆتدا بكە و رۆژێ بيرت بێتەوە ساڵانی زۆر جەنگايت تا ببينی، كەچی ئەو چەند چركەيەكی كەم چاوەڕێ نەبوو تا بتبينێ.



# CAST AWAY له فیلمی






تید هیوز

Ted Hughes

# گۆرانیی قەلەڕەش لەسەر خۆی

کاتێ خوا بە تەور
لە قەلەڕەشیدا
زێری درووستکرد
کاتێ خوا لەناو خۆردا
سڵاوی لە قەلەڕەش کرد
ئەڵماسی درووستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی
لەژێر پەستێنەردا گوشی
کحولی درووستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی
پارچە پارچە کرد
رۆژی درووستکرد
کاتێ خوا لەسەر درەختێکەوە
قەلەڕەشی لە سێدارەدا
بەرهەمی درووستکرد
کاتێ خوا قەلەڕەشی
لە خۆڵدا ناشت
ئادەمی درووستکرد
کاتێ

خوا هەوڵیدا
قەلەڕەش دوو لەت بکا
حەوای درووستکرد
کاتێ خوا گوتی:
تۆ سەرکەوتیت
ئەی قەلەڕەش
_دڵسۆز_ی درووستکرد
کاتێ خوا بە بێئومێدی ڕۆیشت
قەلەڕەش دەنووکەکانی تیژکردەوە و
دەستیکرد بە فێڵکردن.



لەسەر دەفتەرەکانی قوتابخانە
لەسەر مێزم
لەسەر درەختەکان
لەسەر لم
لەسەر بەفر
ناوت دەنووسم.

لەسەر هەموو لاپەڕە خوێندراوەکان
لەسەر هەموو لاپەڕە سپییەکان
لەسەر بەرد
لەسەر خوێن
لەسەر گەڵا و خۆڵەمێش
ناوت دەنووسم.



# ئـازادیی
# Liberté

Paul Éluard
پۆڵ ئێلوار

لەسەر وێنە زێڕینییەکان
لەسەر چەکی جەنگاوەران
لەسەر تاجی پادشاکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر بێشەڵان و بیابان
لەسەر گیا و
لەسەر گوڵە زەردەکان
لەسەر سەدای منداڵییم
ناوت دەنووسم.

لەسەر شتە
سەرسوڕهێنەرەکانی شەوان
لەسەر نانی سپی ڕۆژەکان
لەسەر وەرزە دەسگیراندارەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر پارچە کاغەزە لازەوەردییەکانم
لەسەر زۆنگاوی ژەنگاوی خۆر
لەسەر دەریاچەی مانگی زیندوو
ناوت دەنووسم.

لەسەر کێڵگەکان و
لەسەر مەوداکان

لەسەر باڵی مەلەکان
لەسەر هاڕینگەی سێبەرەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر نەسیمی سپێدە
لەسەر دەریا
لەسەر کەشتییەکان
لەسەر چیایێکی سەرکەش
ناوت دەنووسم.



لەسەر هاڵاوی هەورەکان
لەسەر ئارەقەی برووسک
لەسەر بارانێکی چڕ و سارد
ناوت دەنووسم.

لەسەر شێوە درەوشاوەکان
لەسەر زەنگی رەنگەکان
لەسەر حەقیقەتی فیزیایی
ناوت دەنووسم.

لەسەر راڕەوە بێدارەکان
لەسەر رێگا راخراوەکان
لەسەر گۆڕەپانە هەڵچووەکان
ناوت دەنووسم.


لەسەر ئەو چرایەی دادەگیرسێ
لەسەر ئەو چرایەی دەکوژێتەوە
لەسەر دەرگایماڵەکان
ناوت دەنووسم.

لەسەر میوەی دوو لەتبوو
لە ئاوێنە
لە ژوورمدا
لەسەر قەروێڵەم
کە سەدەفێکی بەتاڵی حەلەزوونە
ناوت دەنووسم.

لەسەر سەگی چڵێس و میهرەبانم
لەسەر گوێیە رەپەکانی
لەسەر پێیە بێهەستەکانی
ناوت دەنووسم.


لەسەر سەکۆی بەر دەرگام
لەسەر شتە ماڵییەکان
لەسەر شەپۆلی ئاگری پیرۆز
ناوت دەنووسم.

لەسەر هەموو گۆشتێکی حەڵاڵ
لەسەر نێوچەوانی برادەرانم
لەسەر هەموو دەستێکی درێژکراو بۆ تەوقە
ناوت دەنووسم.



لەسەر رووکاری سوپرایزەکان
لەسەر لێوە بەخەبەرەکان
رێک لەسەر بێدەنگیی
ناوت دەنووسم.

لەسەر حەشارگە وێرانەکانم
لەسەر چراکانم
لەسەر دیوارەکانی دوژمنانم
ناوت دەنووسم.



لەسەر دیارنەمانی ناچاریی
لەسەر گۆشەگیرییێکی رووت
لەسەر سەکۆکانی مەرگ
ناوت دەنووسم.

لەسەر لەشساغی گەڕاوە
لەسەر ئەو ترسەی کە نەما
لەسەر ئومێدی بێ بیرەوەریی
ناوت دەنووسم و
بە قودرەتی تەنیا وشەیەک
ژیانم لە نوێوە دەستپێدەکەمەوە
من بۆ ئەوە لە دایکبووم
تا بتناسم و ناوت لێبنێم ئەی ئازادیی.

# ئەو ئەکتەرەی لە پێناو شانۆ خنکا

ئەکتەری ئیتاڵی (Rafael Schumacher) لە شانۆگەری (Mirages) لە دیمەنێکدا کە دەبووا ئەکتەرەکە خۆی بە پەت بخنکێنێ و هەر خۆیشی ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا، زۆر جوان خۆی خنکاند.

جەماوەر بە گەرمی دەستیان بە چەپڵە لێدان کرد و هەستانە سەر پێ، چونکە هەرگیز دیمەنێکی ئاوا واقیعیان نەبینیبوو.

بەڵام کەسیان نەیانزانی کە ئەو ئەکتەرە بەڕاستی لە بەرانبەر جەماوەردا خۆی خنکاندووە تا ئەو کاتەی هەموو ڕایانکردە سەر شانۆ و تێگەیشتن کە ئەوە بەڕاستی خۆی خنکاندووە.



*سەرچاوەی تەرجەمەکان ئینتەرنێتە.

# لەستایشی کەر



کەر کە تێر دەبێ دەکشێتەوە؛
کێ کەرێکی دیتییە
لەسەر سەدان دۆنم زەوی
جۆی چاندبێ و
کۆیلەی درووست کردبێ و
حەقی ملیۆنان هاوڕەگەزی خۆی
خواردبێ؟

کەرەکان یەکتر ناکوژن
کێ کەرەکانی دیتییە
جەنگی جیهانی بەرپا بکەن و
هەزاران ژن ئیغتیساب بکەن و

بە ملیۆنان یەکتر بریندار بکەن و
٦٠ ملیۆن مرۆڤیشی تێدا کوژرابێ؟

کێ کەرێک یا کۆمەڵە کەرێکی دیتییە
بیانەوێ ببنە پاشا و سەرۆکی هەموو دنیا؟

من کەرێکم دیت بە شاعیرێکی دەگوت؛
بۆچی بەنی ئادەم کە تێر دەبن ناکشێنەوە؟
بۆچی جەنگی جیهانی ئەنجام دەدەن؟
بۆچی دەیانەوێ ببنە پاشا و
سەرۆکی هەموو جیهان؟
شاعیرەکە بە بزەیەکەوە گوتی:
چونکە کەر زۆر عاقڵترە لە بەنی ئادەم.

## کەر زۆر عاقڵترە لە بەنی ئادەم



# پیاوێکی سەیرە

دەخواتــەوە و مــەزەی جگەرەیــە و مەســت دەبــێ و دەخــەوێ و لــە خــەو
ڕادەچڵەکــێ و ڕادەبــێ و
دەڕشــێتەوە و دەخواتــەوە و مــەزەی جگــەرە و ســێوێکە و مەســت دەبــێ و
دەخــەوێ و لــە خــەو ڕادەچڵەکــێ و ڕادەبــێ و دەڕشــێتەوە و

ئەوە ٢٤ سعاتە

تا ٤٨

تا ٧٢

تا هەفتەیەک

تا چەند مانگێکە

تا سێ ساڵە ئەو ئاوایە.

پیاوێکی سەیرە
لەو ژیانەدا هیچ ناکا
تەنیا دەخواتەوە و مەزەی جگەرەیە و
نان ناخوا و مەست دەبێ و دەخەوێ و
لـە خـەو ڕادەچڵەکـێ و ڕادەبـێ و دەڕشـێتەوە و دەخواتـەوە و مـەزەی جگـەرە و پرتەقاڵێکـە و
مەست دەبێ و دەخەوێ و
لە خەو ڕادەچڵەکێ و ڕادەبێ و دەڕشێتەوە و
جگە لەوە هیچ شتێکی دیکە ناکا.

پیاوێکی سەیرە؛ مێشکی قەبریتی.





# باهۆز مستەفا

ـ تاوانبار

ـ بۆ فەرید زامدار

ـ ڕۆمانی گورگە شین

ـ جۆڤانی بۆکاچیۆ

ـ تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان

ـ کات دەڕوات

ـ ئەوها هات

ـ شاعیران

ـ کورد ئادلەر

ـ وشە

ـ نیشتمان

# تاوانبار

تاوانبارم بەوەی خۆشمدەوێت
تاوانبارم بەوەی
خەمبارم بۆی،
تاوانبارم بەوەی کە
درۆی بۆ ناکەم
بەختی فێڵبازیم نییە
بەدەست کەشفی یاری دەکەم
هەرچیم هەبێ دەریدەخەم
ناتوانم بیسەلمێنم مەگەر
دڵ و گیانی بۆ دەربێنم
ئەی ناڵێن: ئۆقرە و ئارامی
سەرتدەخات
ئەی بۆ ئێستا سەری خواردم



# بۆ زامدار فەرید



شیعرێکی
بێ ناونیشان و
کانی بەرگەگرتن بوو
لە بیست و چوار کاتژمێر
تەنیا دوو کاتژمێرت هەڵبژاردبوو
حەفت تا نۆ
لەم ماوەیەدا ژیان دۆستبووی
یاریت بە مردن دەکرد
بە گاڵتە و پێکەنینی هێمنت
گومان و تورەییت
فڕێدابوو
هونەرمەند و وەرزشوانێکی
مەستبووی
فەریدانا

سیاسی و ئەدیب بووی
هەر کاتێ دەتگوت رەشەبا
رووناکتر دەبووی
جگەرە و چاوەکانت
ئارام و
ئاوێنەی خۆشەویستی بوون
بیرە و پاڵتۆ رەشەکەت
بێدەنگی و خامۆشت
نیشانەی سەفەری ئاسمانی
بوون
هەموو بەهاران چاوەڕێی
بەیانی شیعری تۆین زامداری جوان

ڕۆمانێکی پەروەردەیی ودەرونییە، بە زمانێکی کوردی چڕ و پاراو نووسراوە، پڕ لە وشەی کوردی پەتی و ڕەسەن، زیندوکردنەوەی وشەگەلێکی زۆر و فەرهەنگێکی جوانە بە تێکست.

دیالۆگی دیاکۆ و باوکی لەسەر چارەنووس و ئایندە لەلایەک و ڕێگەی ڕاست و هەڵدێر و هەڵە لە لایەکیتر، دەمانباتە نێو کۆمەڵێک بابەت و تێمەی جیاواز و پڕ سەر ئێشە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ڕووبەڕووی چین و توێژەکان بۆتەوە، لە ڕێگەی کۆنتێکست و ئیدیۆمەکانی دەستی بۆ کۆمەڵێك بابەتی تابو بردووە، کە ڕەنگە بە زمانی ئاسایی ئەستەمبێ لەم واقیعە تعبیری لێبکەیت، وەکو دەڵێن: جورعەی زۆر بکوژە!

لەڕێگای دروستکردنی چیرۆکی خەیاڵی پەردەی لەسەر دنیای چەواشەکاری و بێئابڕوویی نێو کۆمەڵگا هەڵداوەتەوە، کە چۆن هەموو دەرگا و ڕێگاکانیان داخستووە و لە بازنەیەکی بەتاڵی بێ مانا دەسووڕێینەوە. باوک بەردەوام و بە هێمنی ڕێگای نیشاندەدا، هەوڵدەدات لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکەوە ئاوێنە گەورەکە نیشانی دیاکۆ بدات، چیرۆکی گورگە شین کۆمەڵێک دەلالەت و نیشانەی تێدایە، هەر هەنگاوێکی گورگۆ پەندێکە، لە گفتوگۆکانی لەگەڵ کوندەپەپۆ، یان ناو سێرک.

# ڕۆمانی گورگە شین




# نووسینی کامەران خۆشناو

**تێگەیشتن لە کتێب:**

ـ دەبـوا لـە هەمـوو شـوێنێک کتێبخانەیـەک هەبووایـە تـا منداڵـەکان ژیـر و تێگەیشـتوو بـووان.

ـ ئاوەدانکردنـەوەی وڵات بـە بلـۆک و چیمنتـۆ ناکرێـت، بەڵکـو بـە رۆشـنبیری و فرەوانکردنـی روئیایـە دەبـێ.

**دارستانی رەش**

ـ نەبوونـی و بەرەڵلایـی باڵیکێشـابوو، هەموویـان بـە شـێوە جیابـوون، بـەڵام کـردەوە و کارکردنیـان لـە یـەک دەچـوو!

ـ کەمتیار بەرێوەبەر، تورگ جێگر، بەراز بەرپرسی خاوێنی، رێوی پاسەوان!

ـ رێـگاکان بنبەسـت دەبـن و رێـگای راسـتیش هـەر دەچێتـەوە سـەر ئـەو رێگایەیـی ئـەوان دەیانەوێـت.

**لەناو سێرک:**

ـ ئاخر لە پای چی سەگۆ؟ لە پای چی؟

ـ لە پێناو نان و ئیسراحەت، زامنکردنی بژێویی رۆژانە، ژیانێکی ئاسوودە.

ـ ئارامی؟ مەبەستت لە ژیانی قەفەز و لێدانە؟ ئەمە کۆلەمەرگییە برا!

ـ گورگـۆ، سـەری لـەو حەپۆلانـە سـوڕمابوو، بـەردەوام بیـری لـە چۆنیەتـی دەسـتەمۆبوون و ڕازیبوونیـان بـەم رەوشـە نالەبـارە دەکـردەوە.

رۆمانێکـە کوردییەکـەی جـوان و سەرنجڕاکێشـە، تۆزێـک زیـاد لـە پێویسـت وشـەی فەرهەنگـی بەکارنەهاتـووی تێدایـە، کـە دەبـێ لـەو فەرهەنگۆکـەی کۆتای کتێبەکـە بیدۆزییـەوە، ئەمـە ئەگـەر خوێنـەر بێـزار نـەکات، بـۆ بەهێزکردنـی زمـان باشـە، بـەڵام ئەگـەر زمانەکـەی ئەوهـا چـڕ نەبـا خوێنەرێکـی زۆر زیاتـری دەبـوو لـەوەی ئێسـتا. ئـەم رۆمانـە جگـە لـە خوێنەرانـی ئاسـایی، گەنجـان بـە پلـەی یەکەم دەتوانن سوودی زۆری لێوەرگرن.

**ئەم کتێبە پێش شەش سەدە نوسراوە، بەڵام ئێستاش چێژ و گرنگی خۆی لە دەست نەداوە.**

دی کامیرۆن سەد چیرۆکە.

بازەکەی رۆدریگز، یەکێکە لە چیرۆکەکانی دی کامیرۆن.

Giovanni Boccaccio

# جۆڤانی بۆکاچیۆ

Decameron

# دی کامیرۆن



ڕۆدریگـز کۆڕێکـی جـوان و سەرکێشـە، بۆتـە جێـگای سـەرنجی ژنـان، بـەڵام ڕۆدریگـز تەنیـا شـەیدای مونـا دەبـێ و هەمـوو مـاڵ و سـامانی لەسـەر دادەنـێ تـا سەرنجیڕابکێشـێ، کەچـی مونـا هیـچ گرنگییەکـی پێنـادا و هـەر حسـابی بـۆ نـاکات.

ناچار ڕۆدریگـز  دەچێتـەوە کوخەکـەی خـۆی لـە پەنایـەک و خەریکـی بازەکـەی دەبێ.

مونـاش مێـرد بـە پیاوێکـی دەوڵەمەنـد دەکات و منداڵێکـی دەبـێ، پـاش ماوەیەک مونـا مێردەکـەی دەمرێ.

ڕۆژێـک کوڕەکـەی مونـا، چـاوی بـە بازەکـەی ڕۆدریگـز دەکـەوێ و زۆری لا جـوان دەبـێ و مەراقـی لێـدەدا، لەتـاو ئـەو بـازە نەخـۆش دەکـەوێ، چەندیـن دکتـۆر و پیـاو چـاک بانـگ دەکرێـن بـۆ چارەسـەرکردنی، بـەڵام ناتوانـن هیچـی بـۆ بکـەن و نازانـن چییەتـی. تـا دوایـی کوڕەکـە خـۆی بـە دایکـی دەڵـێ کـە بـۆ بازەکـەی ڕۆدریگـز وایلێهاتـووە!


مونـا لەبـەر خراپـی تەندروسـتی کوڕەکـەی ناچـار دەبـێ بەهـەر شـێوەیەک بـێ ژوانێـک لەگـەڵ ڕۆدریگـز ڕێکبخـات. کـە ڕۆدریگـز ئـەوە دەزانـێ زۆر دڵخـۆش دەبـێ و خەونـی چەنـد سـاڵەی دێتـەدی، دوای یەکـتر بینیـن و قسـەکردن و نـان خـواردن، مونـا دەپرسـێ ئـەی کـوا بازەکـەت؟

ڕۆدریگـز دەڵـێ: وەڵا هیچـم نەبـوو بۆتـی ئامادەبکـەم ناچـار سـەری بازەکـەم بـڕی تـا جەمێـک خواردنـت بـۆ ئامـادە بکـەم!

**لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە.**

# ناسنامە
# فــوکۆ یاما






یەکێکـە لـە کتێبـە نایابەکانـی فوکویامـا، دوای (کۆتـای مێـژوو) ە کـەی، لـەو کتێبـە بـاس لـە کۆمەڵێـک تـەوەر دەکات، لەوانـە پاشەکشـەی دیموکرسـی لـە وڵاتانـی رۆژئاوا و سـەرهەڵدانی نەتەوە پەرست و پۆپۆلیستـەکان، هەروەهـا بـاس لـە مەسـاحەی نێـوان نـاوەوە و دەرەوەی مـرۆڤ دەکات، کـە حەقیقەتـی مـرۆڤ ناخیەتـی، بـەڵام بەهـۆی پاڵەپەستۆی کۆمەڵگـە ناچـارە رۆڵێکـی درۆزنانە ببینـێ، لـەم حالەتـەش رووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە دەبێتـەوە ( ئـەدی مـن کێـم) ئەگـەر قبوڵـی دیـوی نـاوەوی خۆشـی بـکات ئـەوە تووشـی نامـۆی و گۆڕانـی رادیـکاڵ دەبێتـەوە لـە نێـو کۆمەڵگـە.

ئەورووپییـەکان ئـەم قۆناغەیـان لەسـەردەمی مارتیـن لۆتـەر و ریفۆرمەکەیـەوە دەسـت پێکـردووە، کـە رووبـەڕووی هەمـوو کلێسـاکانی رۆم بوویـەوە، کاتێـک گومانـی لـە نوێنەرانـی خوداکـرد و ویژدانـی کـردە پێـوەر و بـڕوای وابـوو کـەس ناتوانـێ بەنـاوی خـودا بڕیاربـدا.

**لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە.**

وشـە لـە ڕۆمانـدا ئەرکـی جیـاوازە وەک ئـەو ئەرکـە نییـە کـە لـە شـیعردا هەیەتی، وشـە لـە شـیعردا خـۆی مەبەسـتە، بـەڵام لـە ڕۆمـان وشـە ئامانجـی بنیاتنانـی کەسـیەتی و ڕووداوەکانـە. زمـان جەسـتە و کەرسـتەی کارکردنـی ڕۆمانـە، لەبـەر ئـەوە ڕۆمـان دەوێرێـت تێڕوانینێکـی نـوێ و جیـاواز پێشـکەش بـکات.

**شار لە ڕۆمانی عەەبی**

ئـەو ڕۆمانـە عەرەبیانـەی لـە بـارەی شـارەوە نـووسراون ڕەنگدانـەوەی واقیعـە زیندووەکـەی نیـن، بـە شـێوەیەکی کـەم نەبـێ، دەتوانیـن بـە دەسـتکاریکردنێکی کـەم و گۆڕینـی نـاوی شـارێک بـە شـارێکیتر هەریـەک لـەو شـارانە جێـی ئەویـتر بگرێتـەوە بـێ ئـەوەی شـتێکی ئـەو تـۆی لێبگۆڕدرێـت، یـان هەسـت بـە جیاوازییەکـی بنەڕەتـی بکەیـن لـە نێوانیانـدا.

شـارە عەرەبییـە هاوچەرخـەکان هێشـتان گەلێـک پێکهاتـە و پەیوەنـدی پێـش بەشـاربوونیان هەڵگرتـووە، بەغـدا بـە نموونـە:

ژمـارەی دانیشـتوانی زۆر زیـادی کـردووە کەچـی هێشـتان ئـەم شـارە کەوتۆتـە

عەبدولرحمان منیف

# تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان



ژێر باری پەیوەندییە ناشارییەکانەوە، لەبەر ئەوەی درێژکراوەی ئەو گوند وشارۆچکانەی دەوروبەریەتی. عەمان بە هەمان شێوە شارێکی گەورە، بەڵام پەیوەندییەکانی لە شارۆچکەیەک دەچێت.

ئەوانەی سەبارەت بە شاری عەرەبییەوە نووسیویانە لە لادێوە هاتوون.

ئەگەر رۆماننووس ئازادی بە کەساتییەکانی ناو رۆمانەکەی نەبەخشی و لە روانگەیەکی جێگرەوە ببینێت، ئەوە سەرنجام ناتوانێت هیچ بکات، جگە لە پێشکەشکردنی چەندین دەمامک.

ئەگەر هونەر چێژی نەبوو ئەوە هونەر نییە، رەنگە وەکو مێژوو، یا زانست یاخود وەک ئامۆژگاری سوودی هەبێ.

## کات دەڕوات

هەنگاو هەنگاو
کات دەڕوا
ئەو رێڕەوەی
ژیان گرتووتییەبەر
لە خەویشدا لەگەڵتدایە
کات دەڕوا.
لە شەوێکی ئارام
یەک بە ئاگا دێ
کات دەڕوا
پێویست ناکات
دڵت بترسێت
کات هەر دەڕوات
کات هەر دەڕوات.



فریدریش داب ١٨٧٠ - ١٩٤٥



# ئەوها هات

ڤێرنەر ئارند

من نە شاعیرم، نە هۆزانڤان.
با لێرە ئەوە ڕوون بکەمەوە
من فکر ناکەمەوە لە بەیانییەوە تا شەو
بە قووڵی دەربارەی خودا و جیهان
پێش ساڵێک دەستمپێکرد
چێژی زۆرم لێ وەرگرت
زۆر شتی خراپ و دژ بە یەک
بە نامۆیی لە مێشکمدا دەخولێتەوە
بەبێ هیچ بانگێشەیەک بۆ دروستکردنی هونەر
لە چەند ئایەتێکی سادەدا.

شاعیرێکی تعبیری ئەڵمانییە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی، چەند شیعرێکی نووسیوە، هەر لەو شەڕەشدا کوژراوە.

هیچ زانیارییێکیتر لەسەر ژیانی نییە، من پێموایە ئەو شاعیرە کوردە، چونکە ناوی کوردە، لە ئەڵمانی ناوی (کورت) زۆرە، بەڵام ناوی (کورد) زۆر کەمە، هەروەها پاشناوی (ئادلەر) بە کوردی واتە باز، هەروەها هۆکاری نەبوونی زانیاری لەسەر ژیانی، یەکێکە لە بەدبەختییەکانی کورد، ئەگینا شاعیرانی سەدەی ١٣ دە و ١٤، زانیاری تەواو لەسەر ژیانیان هەیە.



# کورد ئادلەر

## ١٨٩٢ - ١٩١٦

**لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە.**

# شاعیران

دواجار تەنیا و گۆشەگیر دەمێننەوە
چێژ و ئازار وەك مافور
لەبەردەمیان دیار دەبێ
هیچ شتێ بچووك نابێ،
هیچ شتێ لە ناخت نوێ نابێ،
بە هۆشیاریی تەواوەوە،
ئـەو دەنگـە دەمێکـە لەنێـو خوێـن
بڵاودەبێتـەوە
کە ئەو رووناکییە دوای خۆر ئاوابوون
لە شەقامەکان بە ئاگادێت و
هاواری ژیان دەشکێندرێت
ئەوە سەری پەنجەی،
دەستێکی پیرۆزە
بە نێوچەوانت دادێ
خۆشەویستیی رابردوو ئـەو منداڵـەی
دۆزییـەوە
کە لە ژوورە تاریکەکە دەقیژێنێ
لە کاتی باران بارینادا
ئـەوان سـەیری خۆشەویستەکانیان
دەکـەن،
کە خۆیان پارچە پارچە دەکەن و
بـە نـاڕازی رق و خەمەکانیـان
دەخۆنـەوە.
هاواری ژنەکان دەوردراوە.



# وشە

## کارل مای

هەرگیز وشەیەکی ڕەق مەڵێ
ئەوە شتێکی بەتاڵ نییە

تۆ ئەوە لە خۆتەوە دەنێری
بەڵام ئەوە لە هەموو شوێنێك دەمێنێتەوە

لەگەڵت دەبێ بۆ هەر کوێ بچیت
بۆ هەموو جێگایەك یاوەرت دەبێ

ئەگەر تێشنەگەیت
هەندێکجار
ئەوانی دیکەیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ
ڕق ئەوها گەورە دەبێ
کە خۆشی بە تورە نیشان نادا
کە سەرەتا
تەنیا وشەیەك بوو
تەنیا وشەیەك
کە دواجار
دەبێتە ناوبژیوان لە دادگا





# نیش

# تمان

**کورتەچیرۆک**

نیشـــتمان، ژنێکــی باڵابــەرزی شووشــەی چــاو ڕەنگاوڕەنگــی قـژ ڕەشــی سێکســی بــوو..

بەهـۆی خاکەڕایـی و دڵپاکـی خۆیـەوە، تووشـی بـە تووشـی پیــاوی گێــل و گەمــژە دەبــوو، ئەوانیــش بــە هەوەســی خۆیـان گازیـان لـە لێـو و گـەردەن و ملـی دەگـرت و دەسـتیان بــۆ دامەنــی دەبــرد.

دوای تێربوونیشیان، بە ڕووتی جێیان دەهێشت.

نیشــتیمان لەڕقــی ئــەوان، بڕیــاری دا هــەر بێگانــە ســواری خــۆی بــکات....


# فەرهاد پیربال




# بەشی ناوەکان


" و علم آدم الاسماء کلها.. "


سورەتی بقرە




أحیان


رەیان








لە شێوەی
پشیلە
ئەو پیرەمە
ئەچمە د . . .



وابزانم ئەوەیەوە (شاهۆز)





ئیڤار



کالیگرام (خۆشنووس)
یا
کالیگراف (خطاطی)
هیچ پەیوەندییەکیان بەم
بەرهەمانەی منەوە نیە .
خۆشم نازانم چی هونەرێکە
بەڵام دەزانم هاوسۆزم
ناوی مرۆڤەکانم
جوان کردووە:
هێزی وێنەیی
هەرفەکان












أسرارِ دنيارا نگو! انسان بی شرف است!
اسرار دنیارا نگو! انسان بی شرف است.


جیهانە وێنەییەکەی
حەرف و خەت


Ferhad PIRBAL


ئەسپێک و
بولبولێک
لەناو قەبرستانێک
تەماشای ژنێک دەکەن
کە حەز دەکات
خۆی بۆ جنۆکەیەک رووت بکاتەوە/


"من پیاوێکی پیسم"

# شێرزاد حەسەن





# بێوەژن..............

بەم سەر لە بەیانییە زووەی هاوین.. بەیانی پڕ لە خەون و لەزەت و توانەوەی کورتی شەو.. لەژێر لێفە تەنکەکەی هاتە دەر.. لێفەیەکی ناوئاخن لۆکە کەم.. هەستایەوە.. لچک و لێوی کراس و کەواکەی بەردایەوە.. دۆخێنەکەی خزابوو.. دەستی گەیاندێ و هەڵی کێشایەوە.. لەشی وشک و تینووی بیابانێکە.. بە درێژایی پەنجا ساڵی تێپەڕ و بەسەرچوو تەنها یەکساڵ بارانی دیوە.. شەو و ڕۆژی ساڵانێکی زۆر دێن و دەڕۆن.. ئەو هەر ئەو بیابانە تینووەیە.. گەلەک لە بیابانیش بەفیزترە.. هیچ بیابانێکی مەزن و گەورە تینوێتی خۆی ناشارێتەوە.. بیابان دەتەقێ.. دەقڵیشێ.. ڕێبوارە ماندووەکان ون دەکا و دەیانکوژێ.. گەر تووڕەش بێ ڕەشەبای شێتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنێرێ.. گوند و شار و وڵاتە دوور و نزیکەکان پڕ دەکا لە خۆڵ و تۆز.. بەڵام ئەم بێوەژنە بیابانێکی وشک و هێمنە.. سی ساڵی پڕ باران تێپەڕیوە.. ئەم تینوێتی.. خۆی شاردۆتەوە.. تینوو بۆ بارانی سەدەها زستان.. دەیشارێتەوە.. چونکە گوند و پیاوە ماقووڵەکانی نەیانهێشت.. شەرم و ئابڕوو.. ئەو دەڵەمەیەی لە سکیدا بوو.. مامەکانی دەڵەمە.. خاڵوانی دەڵەمە.. ژنانی مام.. ژنانی خاڵ.. خوشکانی خاڵ و مام.. خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا.. کۆبوونەوە: نابێ شووبکاتەوە..



شوورەییە! کێ دەیگوت وا زووو دەمرێ.. خۆشی ویست.. شووی پێ کرد.. ساڵێک نەسووڕایەوە مرد.. بێوەژنێک و تەنیایی و ساوایەک.. بەس ڕۆژگار دێ و دەڕوا.. ئەوەتا ئاوڕێکی لای چەپی دایەوە.. سەیرێکی چیغەکەی کرد.. کێ لەو باوەڕەدا بوو.. ئەو بێچووەی لە گوند و شار.. لەسەر سنگ و پشت بەخێوی کرد.. ئێستا یەکەم مانگی زاوایەتی بێ؟ ئافرەتێکی ڕووسووریشی لەلاوە خەوتبێ..؟

ڕووەو ڕۆژهەڵات رووی وەرگێڕا.. تەم و تاریکی شەو گرد و چیا دوورەکانی داپۆشیبوو.. هێشتا شەفەقە.. ماڵەکەشیان لەسەر گردێکدا گیرساوەتەوە.. دەتوانێ دەیەها سەربان و ناو حەوشی نزیک ببینێ.. سەدەهای نە دوور و نە نزیک.. هەزارەها سەربانی دوورتر.. کەڵەگەتییەکەی زیاتر وای کرد شتە نزیکەکان نزیکتر ببینێ.. یەکەم بەیانییە حەز بەوە بکات چاو بە سەربان و ناو حەوشەکاندا بگێڕێ. لۆچی کراس و کەواکەی ساف کردەوە.. دەستێکی گەیاندەوە لاستیکی نیفۆکەی.. زیاتر هەڵیکێشایەوە.. دەمەو نوێژی بەیانە.. دەبووایە وەک ڕۆژانی دیکە.. هەزارەها ڕۆژانی دیکە.. بەسەر پێپلیکەکاندا بێتە خوارێ.. بە ئاوی بەرمیلەکە دەستنوێژ هەڵبگرێ.. بەڵام خەونە پڕ شەرمەکەی ئەمشەو لە نوێژی چواند.. بەیانیان خوارەوە.. ناو حەوشەکە.. ژوورەکان سارد و خامۆش و پڕ ترسن.. بەیانیان بەرماڵەکەی بەرانبەر دوو وێنەکە ڕادەخات.. وێنەی باوک و کوڕ.. هەردوو وێنەکە هی تەمەنی گەنجێتین.. ڕووخسار و ئاکاری یەکدی هەڵدەگرن.. وێنەی باوکەکە زەرد هەڵگەڕاوە.. سیمای مردنی

پێوە دیارە.. لە چەند لایەکەوە تەقیوە.. جامەکەشی ناگۆڕن نەبا وەکو ئێسقانی خاوەنە مردووەکەی ببێ بە ئارد.. زۆربەی بەیانیان هەر بەسەر بەرماڵەکەوە سەیری وێنە زەردەکە دەکات و دەگری و دەکرۆزێتەوە:
«زوو بەجێتهێشتم..!»
هەندێک بەیانیان دایدەگرێت.. تێر سەیری دەکات.. ماچی دەکات.. بۆی دەگری و چاوەکانی دەسڕێتەوە.. کە تێر گریا بە بزمارێکەوە هەڵیدەواسێتەوە. ئیمڕۆ بەیانی.. لەژێر کراس و کەوا خمدارەکەی.. لە نێوان تاریکی و تەمی ئەم بەیانییە زووەدا لە دوورەوە لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێت.. بێوەژن زۆریان ڕەشپۆشن.. ئەمیش هەروا.. سی ساڵە ڕەشی پۆشیوە.. هەتا لە زەماوەندی کوڕە تاقانەکەیدا کەسێک لای لێ نەکردەوە.. داوای لێ بکات ئەو جلە ڕەشانە بگۆڕێت.. دراوسێیەک.. خزمێک.. پیرەمێردێک.. پیرەژنێک.. کوڕێک.. کچێک.. هەتا کوڕەکەی خۆی.. ئەو کوڕەی لە پێناویدا گۆشتی ئەو لەشە ناسک و جوانەی بۆ تواندەوە.. گوند و شاری بڕی.. ئەو ماڵ و ئەو ماڵ.. کارەکەری.. جلشۆری.. نان پێوەدەری.. پێنج ساڵان بوو کە خستییە سەر کۆڵی و لە زوڵمی خاڵوان و مامان گوندی بەجێهێشت. لە شاری پڕ لە مەند و شێت خۆی ون کرد.. بە ڕووی ئەو پیاوانە دەوەستا کە خوێنی گایەک لە دەمارەکانیاندا دەسوڕێ.. ئەم کون و ئەو کون خۆی دەشاردەوە.. شوێن پێیان هەڵگرتبوو.. ڕژانی خوێنی خۆی لەبەرچاو بوو.. بەڵام ئەو ڕۆژە پڕترسانە ڕۆیشتن.. ئێستا ئەم کوڕەی ناو چیغەکە.. دێوی هەموو ترسێک ڕاو دەنێ.
بە هەموو لایەکدا ملی وەرچەرخاند.. دیسانەوە سەربانێکی زۆری بینی.. کۆشک و تەلار.. خانووی هاکەزایی.. خانووی قوڕ.. چەندانێکی تر نە کۆشک و نە قوڕ.. ڕیزێکی زۆر لە جلی هەڵخراوی شەو.. ئاریەلی زۆری تەلەفزیۆن.. چوارپایە و قەرەوێڵە.. پەردە و پەردەکوللەی زۆر.. ڕەنگاوڕەنگ.. سوور.. سپی..

زەرد.. هێشـتا زووە و لـە شـیرین خـەودان.. لـە هەرچـوارلاوە پەردەکوللـەکان دادراونەتـەوە.. خـەوی بـە جووتـەش وەئاگاهاتنـی وا زووی ناوێ.. جەسـتەی منالّە وردیلـەکان بـە سـەربانەوە نووسـاون.. چەنـد سـەربانێکی چـۆڵ.. چەندانێکـی دیکـەی قەڵەباڵـغ.. سـەربانی شـوورەدار.. سـەربانی بێشـوورە.. شـوورەی نـزم.. شـوورەی بڵنـد.. لـەم گەڕەکـەدا ژمـارەی چیغـەکان لـە پەردەکوللـە زیاتـرن.. لـە هاوینـدا هەمـوو شـتێک نیمچـە ڕووتـە.. حـەز دەکات تـەڕ ببێتـەوە.. لـە وشـکایی نـاو ناخـی خـۆی قەڵـس و بێـزارە.. مـرۆڤ.. باڵنـدە.. درەخـت.. تەنهـا ئـەو خەمـی پیـرە درەختێکـی هەیـە و ئـاو نایگاتـێ.. درەختێـک بـۆ دڵۆپێـک ئـاوی بـزر ڕەگـی بەنـاو ناخـی زەوییەکـی وشـک و سـووتاودا ڕۆ بچێـت.. درەختـی پیـر و بێئـاو چرۆ نـاکات.. هەمـوو شـتێ دەگـۆڕێ.. لەباتـی داری ڕادیـۆ کۆنەکانـی زەمانـی زوو.. ئاریەلـی تەلەفزیـۆن بەسـەر زۆربـەی سـەربانەکانەوە دیـارن.. خـواردن.. نوسـتن.. جـل و بـەرگ.. دەموچـاو.. قژداهێنـان.. سـەربان.. شـەقام.. ئافـرەت.. پیـاو.. نـاو.. هەمـووی گـۆڕان و دەگۆڕێـن.. ڕەنـگ وەردەگـرن و ڕەنـگ بـەردەدەن.. تـەواو.. ئـەم بەسـەرچوو.. تەنهـا خەمـی خـۆی هەڵدەگرێـت.. وەک منالّێـک دوای کـۆلارە ونبووەکـەی ڕابکێشـێتەوە.. لەسـەرخۆ نیـگای دوور هەڵفڕیـوی گەڕانـدەوە.. لـە چیـا دوورەکانـەوە بـۆ گـردە دوور و نزیکـەکان.. سـەربانە دوورەکان.. سـەربانە دوور و نزیکـەکان.. نزیـک.. نزیکتر.. دوایـی لـە سـەربانەکەی خۆیانـا گیرسـایەوە.. ئـەو سـەربانەی لـە سـەری و لـە ژێریـدا سـالآنێکە هـەر بەتەنیـا دەخەوێ.. شـتێک لـە سـەربانەکە سـەرنجی ڕانەکێشـا.. گـەر ئـەم چیغـە نەبـێ سـەربانێکی ڕووت و چـۆڵـە.. کـە بـۆ دووبـارە سـەیرێکی چیغەکـەی کـردەوە.. لـە ناخـەوە داچڵەکـی.. دیمەنەکـە ئاسـایی نەبـوو.. موچڕکـی سـاردی پێـدا دەهـات.. سـەرتاپای گیانـی کەوتـە مێروولـە کـردن.. بـە برینێکـی نادیـار و شـاراوە کولایـەوە.. کڵاوەی چۆکـی شـل بـوو.. کەمێـک دەلـەرزی.. هەسـتێکی تێکـەڵ لـە تـرس و شـەرم دایگـرت.. جۆگەلـەی سـەر بڕبـڕەی پشـتی ئارەقـی کـرد.. چاوەکانـی داخسـت.. دووبـارە

هەڵیهێنایەوە.. بە کزی سەیری دیمەنەکەی کرد.. چیغەکە لە یەک لاوە کرابووەوە.. بە پەردەیەک دادرابووەوە.. لەژێر پەردەکە دوو پێی لووس و بچکۆلانە و دوو پێی گەورە و بۆری بینی.. لە ژێرەوە.. لە تخووبی پەردەکەوە ترازابوون.. دوو بەلەکی تووکن و دوو بەلەک و پووزی لووس لە یەکتری ئاڵابوون.. وەک دوو ماری ئەستووری ئاشقەوماشقە بە یەکەوە نووسابوون.. خاو و ماندوو ڕاکشابوون.. پزووی دەرپێی ئافرەتەکە تا چۆکانی هەڵکشابوو.. ئارەزووی کرد وەئاگایان بێنێ.. ئارەزووشی نەکرد.. نەشیاوە.. مانگی یەکەمی بووکێنی وەئاگاهێنان گوناهە.. ویستی وەک خەونی خۆشی کوێرێک بەیادی بێنێتەوە.. بیری چۆتەوە.. دوو بەلەکە لووسەکە لە بەلەکە تووکنەکان خڕ و پڕترن.. لەوە دەچێ خوێن و هێزیان لە بەلەکە تووکنەکانەوە وەرگرتبێ.. لە دڵی خۆیەوە گوتی:

«یەکەم ساڵ ئێمەش هەر وا بووین.. هەر ئەو ساڵە و هیچیتر!»

دیمەنەکە زیاتر مات و غەمگینی کرد.. دیسانەوە لە دیمەنەکەوە نیگای ڕووەو ڕۆژئاوا هەڵبڕی.. چاوێکی بە سەربان و پەردەکولللە و چیغ و ئاریەل و حەوش و کۆڵانەکانا خشاندەوە.. بیری لە ساڵانی کۆن و زوو کردەوە.. پەنجا ساڵی تەمەن.. چی کرد؟ چی بکات؟ هەموو ژیانی وەک مۆمێک بۆ کوڕەکە داگیرساند.. خەم و ترسێک دنیای ژێر ئەم شەفەقەی لێ تاریک کرد.. ترس و خەمی ئەو ئافرەتەی مانگێکە کوڕەکەی لێ زەوت کردووە.. ئیتر ئەم چاوەڕوانی چی دەکات؟ لەم دواییەدا پیرەمێردێکی زۆر هاتن و داوایان کرد..



ئاخـۆ شـیاوە دوای ئـەم تەمەنـە درێـژە جلـە ڕەش و خمدارییەکـەی دابکەنـێ؟ ناشـێت.. بیـری کەوتـەوە.. شـەوێکیان کوڕەکـەی چـی پێکـرد.. زانیبـووی مامـە عەبـەی توونچـی داوای کـردووە.. ئـەو شـەوە هـەزار جـار تلایـەوە.. هـەر ئابـڕووی بـرد.. دراوسـێیەکان گوێیـان لـە هـەرا و قـاڕ و قیڕەکـە بـوو.. کوڕەکـەی هـەر دەینەڕانـد:

«شـەرم نـاکات.. بـە پیری خـۆی تەڕ دەکاتـەوە..؟»

خەڵکـی دەوروبـەری سـەربانەکە مـات و سەرسـام بـوون.. ئەوانـەی بەپێـوە بـوون.. دانیشـتنەوە.. ئەوانەشـی کـە دانیشـتبوون لـە حەژمەتـان هەڵسـانەوە سـەرپێ.. گوێیـان لێیـان بـوو کـە دەیانگـوت:

«تـوو خـوا گوناهـە.. زوڵمـە.. گەلـەک زوڵمـە وای پێبکرێـت.»

ئـەو شـەوە بەکـوڵ بـۆ بەختـی خـۆی گریـا.. پرسـەیەکی بیـر کەوتـەوە.. مێـردی «زێرین»یـش مـرد.. بێـوەژن زۆر بووینـە.. ئیمـڕۆ بـە کامـی دڵـی خـۆی دەگـری.. ئیـتر بـۆ نەگـری.. هـەر ئـەو تنۆکـە فرمێسـکانە خەمەکـەی دەشـۆنەوە..

کتوپـڕ گوێـی لـە تەقـەی دەرگاکـە بـوو.. وەئـاگا هاتـەوە.. دەبـێ کـێ بێـت؟ لەسـەرخۆ هەنـگاوی نـا.. گەیشـتە ئاسـتی گویسـوانەکە.. سـەری خـوار کـردەوە.. تەنهـا جامانەکـەی بینـی:



ـ فەرمووو کوڕم.. کێی؟
ـ داپیرە.. جوامێر وەئاگایە؟
وشـەی «داپیـرە» لـە ناخـەوە هەڵیکەنـد.. کـە دەموچـاوی کابـرای بینی ناسـییەوە: هاوڕێـی قـوڕکاری جوامێـر بـوو.. ئێسـتا زۆر شـیاوە وەئـاگای بێنێـت.. لەودیـو چیغەکـەوە بـە دەنگێکـی پـڕ لـە خـەم و گریـان و بێزارییـەوە بانگـی بـکات:
ـ جوامێر.. کوڕم جوامێر.
جوامێـر لەگـەڵ دەنگەکـە داچڵەکـی.. وەئـاگا هـات.. هەسـتایەوە.. خـۆی لێکڕاکێشـایەوە.. چاوەکانـی هەڵگلۆفـت.. هـەر بـە جلـی ئیشـەوە نووسـتبوو.. جلـی ژێـر بـاری گـەچ و خـۆڵ و قـوڕ.. خـۆ گۆڕینـی نەدەویسـت.. لەژێـر چیـغ و پەردەکـە هاتـە دەرێ.. دایکـی سـەیری کـرد.. هەناسـەی حەوانـەوەی دەدا.. بەلەکـەکان لـە یەکـدی بوونـەوە.. یەکتریـان ئـازاد کـرد.. ناخۆشـترین ئـازادی! گرێـی نهێنییـەک لـە ناخـی بێوەژنەکـەش کرایـەوە.. جوامێـر بـەرەو قاڵدرمـەکان ملـی نـا.. دوو دوو پێپیلکەکانـی دەبـڕی.. بـە حەوشـەکەدا دەگـەڕا.. بۆ کڵاشـەکانی دەگـەڕا.. دۆزییـەوە.. لەپێـی هەڵکێشـا.. لـە خـوارەوە دەنگـی هاتـە بـەر گـوێ:
ـ ئەی چا و نان و ماستەکە.. دایە؟
دایکـە وەڵامـی نەبـوو.. بـە شـەرمەوە سـەری داخسـت.. یەکـەم بەیانییـە چـای بـۆ لێنەنـاوە.. ئـەم خـەون و خەیاڵـە چـی بـوو؟ کـەی وابـوو؟ تـەم و تاریکـی ڕەوییـەوە.. تەقـەی دەرگاکـە هـات.. کوڕەکـەی کردییـەوە.. دایخسـتەوە.. کـز و مـات هـەر بـە پێـوە وەسـتابوو.. بـووک هەڵنەسـتا.. بێدەنگـی و تەنیایـی خەمێکی قورسـی بـۆ هێنـا.. ژانـی گەردەلوولێکـی بەتیـن ناخـی پـڕ تـۆز و خۆڵی خـەم کرد.. سـەرکەوت تـا قورگـی گـرت.. ئێسـتا لەژێـر کارەسـاتی ڕۆژانـی ئێسـتا و ڕابردوویـدا دەینالانـد.. بێدەنـگ دەینالانـد.. تازەبـووک هـەر هەڵنەسـتا لـە خـەو تـا تـۆزی ئـەم بێدەنگییـە بماڵـێ.. زەردەی خـۆر دەرکـەوت.. هێـدی هێـدی تاریکـی سـەربان و حەوشـەکە و کۆڵانەکانـی ڕاونـا..!



# گەمارۆ

چ جەنگاوەرێکی خوێناویت کە بە هەزار دەستی ڕەشەوە..
وا بە پەلە و شێتانە گەرداو ئاسا ..
گەمارۆی ئەو دڵە تەنیا و غەریبەی من دەدەیت
چ دەعبایەکی سەد سەر و هەزار چاویت..
کە بە چڕنووقان گەمە لەگەڵا هەر دوو گلێنەمدا دەکەیت
چەندە شاگەشکەی کە بە هەڵچنینی شووەرەیەك لە شمشێر..
چواردەوری گۆڕهپانی ئەم ڕۆحە هەمیشە زەردو غەمینەم دەتەنێت..
هەزار پێ ئاسا بە ناو جۆگەلە و ڕووبارە خوێناوییەکاندا دەپەڕیتەوە...
تاوەکو بێ مرووەتانە پێ لەو دڵە پەژموردەیەی من بنێیت..!
هەر وەك «هاملێت»... لە نێوان ــ من هەم یان نیم ــ
سەرسام و دۆشداماو.. تیا ماوم
گەرەکمە لە تۆڵەی نیشتمانی ژەهر خواردوو بە دەستی تۆ..
شۆرشێکی سوور و بێ پایان بەرپا بکەم..!
کە هەڵمەتت بۆ دێنم.. یان لەسەر بەرماڵا نوێژی درۆت دابەستووە..

یان لە بەرگی باوکمدا خۆت خزاندۆتە ناو پێخەفی هەوەسێك..
لەتەك دایكمدا تەپا و تل دەدەیت..!
وای لە من.. وای لە من..
هۆن هۆن دەگریم و هەر دوو دەستەكانم لە ئەژنۆكانم وەرێناوە..
لە حەژمەتی ئەو هەموو خوێنەی كە بێهوودە لەبەر پێیانم هەڵدەقوڵێت..
كە نازانم لە كوێوە سەرچاوە دەگرن و .. قوربانیانی چەندن و كێن..!
چنگ بە دوای چنگ من خۆڵی خەراباتێك دەخۆم..
سوێند دەخۆیت كاولكاری و وێرانەماڵی خۆمە..
سووتماك و وێرانە خاكێك كە بەتەنها دەستكردی خۆم بێت..!
چ خامۆشە دونیا..بێجگە لە لرفەلرفی ئاگرێكی بێ ئامان..
كە خەرمانی هەموو خەونەكانمە و بە بەر چاومەوە دەسوتێت
كاسی كـردووم.. شـەقژنی سـاچمەزەنەكانت كـە ئاسـمانی سـەر سـەرم گـڕ تێبــەردەدات
پۆل پۆل فڕندەكان بە پەڕ و باڵی سووتاوەوە خۆیان بە سینگوڕكمدا دەدەن...!
خــودا هاوار..گوێــم لــە فــوارەی خوێنــی ڕژاوە لــە گــەردنی ســەدەها «ئیســماعیل»هوە.. كەبــەدەم قرغەقــرغ و لنگەفرتێــوە خــۆ لەژێــر چەقــۆی كــولی» ئیبراهیم»هكانــدا..
رادەپسكێنن و دەرەقەت نایەن..
گەوزیو لە خوێندا..تینوو تا رادەی خنكان ..
كە ناچارن فرمێسكی پیرە باوكەكان بخۆنەوە
دوا قوربانی و دوا فەرمانی خوداوەندەو.. بێهوودەیە چاوەڕوانی..
سۆزو بەزەیی ئاسمان..!
چ كپە كوچەو كۆڵانەكان..بەدەر لە ورتەورتی ماتەمگێڕان و ..
خەنینی خنكاوی خۆشی قەسابە دەست خوێناوییەكان..
هەوا بێ سرتە و بەتاڵە لە هاوارەكان..



هاوارێك لـه ڕەنگـی نـانی سـووتاوو ..بـۆنی قەهـر و
تامی خەونێکی مردوو لە چاواندا
سەرجادەکان پاك و تەمیز ..
شـۆراوە لـە فرمێسـك و خوێنـی ئـەو هەموو کچـە ڕەند و کـوڕە کاکۆڵأ ڕەشـانە..
چ پەژمـوردەن باخچـەکانی شـار.. کـە لەبـری باخـەوان ..پـڕن لـە یاسـاوڵی چەتـەولأ..
تەییـار و ئامـادە و پەنجـە بەسـەر پەلەپیتکـەی تفەنگـەوە..
لەبۆسـەدان بـۆ هـەر خونچەیـەك بـە کەیفـی خـۆی و شـنەبایەك بگەشـێتەوە..
یـان چلـۆن دەبێـت هەڵاڵـەکان بەسـەر باڵـی «بـا» هوە..
لـە گوڵێکـەوە بـۆ گوڵێـکی دیکـە بـالأ بگرنـەوە.. ؟ بـە چ هەقێـك مەلـەکانی سـەر درەختـەکان بـێ پـرسی ئاغـاکان دەجریوێنـن..؟
چـۆن بـێ فەرمـانی گوڵکـوژەکان ..جۆگەلـەکان وەهـا ئاسـوودە بـەدەم ڕێـوە..
بێباکانـەو ئابڕووبەرانـە لەژێـر پنچکەکانـدا دەتریقێنەوە..؟
ئەمجارەیـان شۆسـتە هەڵتەکێـنراوەکان بـە دەسـتی وەسـتا دەسـت خوێناوییـەکان..


بە سەدەها دڵأ و گلێنەو پەنجەكانی دەستمان چەوڕێژ دەكرێنەوە..
دەستگێڕە نامورادەكانیش بە شووشەی پڕ لە فرمێسكی رەش وهەناسەی سارد و..
حەسرەتی مۆرەوە..بێهوودە بەناو كرِیارە گێژەكاندا دەخولێنەوە...
ئێواران مایەپووچ رووەو كەلاوەكان دەگەرێنەوە..!
***
تاكەی بەزەبری تف و تیغ و چەكمەوە لەناو رۆحمدا جێگە بۆ خۆت دەكەیتەوە..؟
تا قیامەت نیشتەجێ بیت .. من وام لە دەرەوەی دونیای تۆدا..
بە حوكمی عەشقی سەركەش و زاڵی خۆمەوە
جێ ماكی خوێناوی قامچییەكانت وا بەسەر پشتمەوە
شەوانە..گورگانە دەلوورێنیت..
وەك دزێكی ترسنۆك لەناو كۆلیت و كەلاوەكانی ئێمەدا دەگەڕێیت..
تا هەرمێ و سێوی دڵەكان بدزیت
تاوەكو خەون لە چاوان بفڕێنیت و مرواری گلێنەكان ببەیتەوە
دڵت خۆشە بەو شارەی باخچەكانی پڕن لە پەیكەری شەهید و شاعیری لانەواز..
بەتالأ لە عاشقی ڕووتەڵە و بێ خەون و رازو نیازو.. مراز..
چەندە شاگەشكەی بە ئەتك كردنی گوڵەباخەكان و لالەزارەكان
من و تۆ چیتر و .. بۆ هەتا هەتایە..
دووانەی هەمان سك و هەمان خەم و هەمان كۆڵان و گەڕەك و شار نین
دەرمكە و ڕاوم بنێ تا ئەودیو شووراكان و سنوورەكان..
وەك عاشقێكی هەڵگەڕاوە لە خێڵ و عورفی پیاوە خەنجەر وەشێنەكانت
ئەو پیاوانەی چەشنی شمشێر بڕندەو چەماوەن..
ونبوو لەژێر رەختە و فیشەكدان..

باوكانی ئەرژەنگ كە وەك -ساتورن- ی خوداوەند....
منداڵەكانی خۆی دەخوات..!

***

ئەمەیـان چ قۆشـمەیەكی رەشـە كـە پاسـەوانە داخدارەكانـت بـە ژمـارەی گوللەكانیـان.
خۆیان فێری حیساب دەكەن..
ئەو گوللانەی سەر پەڕەی دڵ و تەختی تەوێڵمان دەسمن..
لەناو چاوانمان دەتەقنەوە تاوەكو چیتر باڵای بەرزی نیشتمان نەبینینەوە
كە بەدەم لافاوی خوێنی دارژاو لە دەستەكانی تۆوە رووەو جەهننەم..
كچ و كوڕانی نامراد سەر شەپۆلان كەوتووین
چ شایی و رەشبەڵەكێكی خوێنینە كە بۆ منی زاوا سازاوە..
زامدار بە هەزار تیغی تۆ..كە بووكی نیشتمان لە گۆڕدا چاوەڕێمە..!
هەر دوێنێ بوو  تۆی قاچاغم لە ناو دڵمدا دەشاردەوە..
نانم لە دەمی منداڵەكانی خۆم دەگرتەوە
كەچی هەنووكە بەزەبری تفەنگ لە كەلاوەكەی خۆم دەرم دەكەی..
لە جادەو كۆڵانە تەنگەبەرەكانت ڕاوەدووم دەنێیت ..
چەندە جوامێر و میهرەبانیت ..
كە دەهێڵیت نیوەشەوان بەقاچاغ بێمەوە شارو..
بەدزییەوە لە ماڵی دەرو دراوسێ خۆم بشارمەوە..
بەر لە هەڵاتنی خۆر بگەڕێمەوە ناو كەندو لەندان..
تاوەكو وەك نێچیر لە نیشانەكانت دوور و دوورتر بكەومەوە..
جێمهێشتوون ئەلبووم و نامەی دڵداری و  شیعر و كتێبە حەرامەكانم..
جۆشی بدە ئاگردانە ئینگلیزییەكەت ..
بە سووتاندنی هەر هەموو خەونەكانم..!

****



# ناحەزانی ئەدەب

+ هەر چەندە ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی داستان ـ ئامێز بە تایبەتی؛ پتر وەک گەمەکانی خەیاڵ چاوی لێکراوە، بە جۆرێک کە ژمارەیەکی زۆر هەن وا تەماشای ئەدەب دەکەن کە پتر بۆ کات بەسەربردنە و سەرمەستبوونە بە جیهانێکی خۆش و رەنگینی فانتازی و خەیاڵبڵاوی، گوایە پتر لە خۆشخەیاڵی نووسەرەکانەوە هاتووە، بە هەر دوو دیوی تراژێک و کۆمێدی. لە ناو خەڵکی ئێمەدا وا سەیری خوێنەران و شەیدایانی ئەدەبیات دەکەن کە دەرەتان و چارەیەکی دیکەیان نییە بۆ ‹کات ـ کوشتن› بێجگە لە ئەدەب، یانژی بە چاوی گومانەوە سەیری کتێبخوێن دەکەن کە گوایە تیکچووە یان ئەگەری ئەوەیان زۆرە کە لە ئاکامدا شێت و دێوانە بێت. لە بەرامبەر ئەوانەشدا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی وەک گەشتێکی پڕ لە بە فەڕ و دەوڵەمەندی فیکری و تێگەیشتنێکی قووڵ و خۆناسین و دونیاناسین تەماشای کتێبخوێن

دەکەن، کە بەبێ خوێندنەوە مرۆڤ کورتی دێنێت.

ئەدەبیات خوانی رازاوەی تێفکرین و تێڕامانە، زمانێک و گوزارشتێکە لە نێو سەردەمە سیخناخەکان بە ململانێی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەخشەی مۆڕاڵی مەردمگەل لە نێو جوگرافیا و زەمەنە جیاوازەکاندا، ئەدەب رەنگدانەوەی ململانێ و کۆی کێشەکانی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمە، یان مەرگەسات و بەزمەسات. لە هەمووی جوانتر خوانی سەدەها پرسیار و گومانە لە کۆی مێژووی مرۆڤایەتی و میراتی داپیران و باپیران، کولتوور و هەر دوو کایەی رامیاری و ئاییندارى کە ئەوەشیان دەبێت بە مایەی ترسی زۆرینەی خەڵکی و حەشامات کە بەوە دەشکێتەوە ببن بە ناحەزی ئەدەبیات، بێ حیکمەت و هۆکار نییە کە ‹سانسۆر› و چاودێری و سیخوڕی بەسەر ئەدەبەوە لە ژێر سایەی دەوڵەتی پۆلیس-رەفتار لە دونیادا بێ شومارن کە دوژمنە ئەدەبن. کتێبەکان، چەندە هەمەچەشن بن، بۆ ئێمە دەروازەگەلێکن بۆ ئاشنابوون بە زۆرترین زانیاری و مەردمگەل.



بەڵام لە بەرامبەردا دوو دژە بۆچوون هەن کە گوایە ئەدەبی خەیاڵئامێز و داستانئامێز بە گشتی، یان شیعر و چیرۆک و شانۆنامە؛ وەک زیندەخەون و وڕێنە و چاوی لێ دەکرێت. ناحەزانی ئەدەبیات دەپرسن کە ئاخۆ ئەدەب وەڵام بە داواکانی واقیع و ژیانی ئێمە دەداتەوە؟ وەڵامی راستەقینە ئەوەیە بەڵێ.. چونکە بۆ ئێمە مەحاڵە راستەوخۆ دەستمان بە ئەزموونی کەسانی دەوروبەری خۆمان ڕابگات، مەبەست لە ئەزموون: ژیار و کولتوور و ژیانی پەنهانی ملیۆنەهایە، نەک بە تەنها گەڕەکی خۆمان، چونکە ژمارەیەکی زۆر هەن

کە کەوتوونەتە دەرەوەی جوگرافیای ئێمەوە، یانژی زادەی مێژوویەکی دیکەن کە بە ملیارەهایە، ئەو ئەزموونە ناچێتە دۆخی کڕینی کەلوپەلێکی دەستی دووەم لە بازاڕەکانی لەنگە و کۆنەفرۆشی و مەزاتخانە، چونکە کتێبەکان نزیکمان دەخەنەوە لە رۆح و گەوهەر و کرۆکی بنیادەم، بە ڕەچاوکردنی هەموو پاشخان و باکگراوندێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. رەنگە خودی ئەدەب و هونەر لە پاڵ لقەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان پتر نزیکمان بخەنەوە لە تێگەیشتن لە رۆحی خۆمان، گریمان کەسانێک بۆ کات بەسەربردن رۆمانی پۆلیسیی یان سیخوڕبازی و ئێرۆتیکی دەخوێننەوە، ئەوەیان بیر ناچێت کە بۆ تێگەیشتن لە نهێنی و رازەکانی مرۆڤ بگەڕێن لەمەڕ تاوان و سۆزداری و ئەو بەشە رەش و شاراوەی مرۆڤگەل کە هانی دەدات بۆ شەڕانگێزی و هەوا و هەوەسی پەنهان.

گومانی دووەمین سەبارەت بە ئەزموونی ناو ئەدەبیات ئەوەیە کە بە زمانێکی پڕ لە رەمز و خوازە و باڵاتر لە تێگەیشتنی ڕەشەخەڵکەکە نووسراوە کە دوورمان دەخاتەوە لەو ئامانجەی کە ئەدەب دەیخوازێت، مادامەکێ دەستەبژێرێک لە نووسەرانی هۆشمەند بۆ ژمارەیەک لە دەستەبژێری خوێندەواران دەنووسن، ئەو هەموو رووداو و ماجەرا و هەست و نەست و فیکرە دەوڵەمەندە کە لە فۆرمێکی باڵا و بە تێکنیکێکی ئاڵۆز بە ئێمە دەگەن، گرانترە لەوەی هەموومان تێبگەین، بە تایبەتی کە کولتووری خوێندنەوەمان نییە یان کەم و دەگمەنە. کێ دەتوانێت ئەو هەموو تێما و هێما و مانا و پەیام و کۆدانە شی بکاتەوە؟ هەندێک بڕوایان وایە کە



خەڵکی نەخوێندەوار زیندووترن لە خەڵکی خوێندەوار، چونکە هەر ئەوانن کەرەستەی فیکر و ئەدەب، ئەوان پتر بە ژینی گەرم و گوڕەوە نووساون، دەوترێت گوایە نووسەران کێن بێجگە لە ژمارەیەک لە دزی تەردەست کە سیخوڕانە خۆیان مەڵاس داوە زیندەگی و نهێنییەکانی خەڵکی دیکە بە تاڵان ببەن.



وەلێ نووسەران بۆ بەرگری دەڵێن: ئێمە تیکە و تیلماسێکمان لەو ژیانە بردووە، ئەویدیکەیان هۆش و گۆش و فانتازیا و خەیاڵی بە بڕشتی خۆمانە، ئێمە ژیانێکی دیکەمان لەو کوت و تیلمە و پاتاڵ و تیکەیە داتاشیوە. کەواتە کامەیان لە پێشترە: ژیانێکی گەرمی دوور لە کتێب و ئەدەبیات یان ئەزموونێکی ڕەنگاورەنگی ناو کتێبان کە سیحرێکی گەورەتر بە خودی زیندەگیش ببەخشێت؟ بۆ ئەوەیان سێ وەڵامان دەست دەکەوێت بێئەوەی ڕاپرسیمان کردبێت، چونکە کەسمان نییە لە نێو گەرمەی گفتوگۆی نووسەران و خوێنەرانی عاشقە کتێب یان خەڵکانی تۆراو لە ئەدەب و دڕدۆنگ و دوژمن بە کتێبان نەکەونەوە ناو ئەو سێ کاتیگۆرییە: یەکەمیان بڕوای وایە کە ژیان بۆ خۆی یەکەمین سەرچاوە و دوا

سەرچاوەیە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و دونیا، ئەدەبیات وێنەیەکی ساختەیە و سەرگەرمکردنێکە بە خۆشخەیاڵی و ئەندێشەمەندی. دووەمیان وا مەزەندە دەکات لە تەک ژیاندا ئەدەب ئەزموونێکی دەستی دووەمە و هاوتەریب بە هەمان تەوژمی زیندەگی ڕێدەکات و ئاوسە بە هەموو ڕەگەزەکانی ژیان، چاوی دیکەمان پێدەبەخشێت بۆ بینینی خۆمان و مەردمگەل و جیهانی دەوروبەر. سێیەمیان خۆیان بە خەڵکێکی ئەوەندە بێباک و ماندوو دەزانن کە لە ماراسۆنێکی هەتاهەتایە و نەبڕاوەدان، هیچ بواریان نیە گوێ لەم دوو خێڵە بگرن کە بێهوودە ململانێ لەسەر شتێکی بێ بناغە دەکەن کە بێجگە لە کات بە فیڕۆدان هیچی لێ بەرهەم نایەت، ڕاکە ڕاکەی بێوچانی ناو بازاڕی ژیان وای لێکردوون کە ئاوڕ لە هیچ کامیان نەدەنەوە.



ڕەنگە لەو نێوانەدە ناوبژیوانێکی شەرمن پەیدا بێت و زات بکات و بڵێت: ژیان چەندە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بێت، ئەزموونێکی پڕ و دەستی یەکەمین بێت، ئەزموونی ناو ئەدەب باوەجوو هاوتەریبی زیندەگی و ئەزموونی دەستی دووەم بێت، کەچی بێ ئەو وێنەی دووەمینە مەحاڵە لە ڕۆحی نەسرەوت و نەگیراو و نادیاری خودی ژیان و ئادەمیزادەکان تێبگەین، ڕاوکردنی هەموو ڕەنگ و دەنگەکان مەحاڵترە. ئایا ئەزموونی دەستی یەکەم کە خودی ژیانە و جێگەی بایەخی زۆرینەیە بۆ خۆی ژیانێکی دەرە کتێبەکانە؟ یانژی ئەزموونی دەستی دووەمیش مایەی ڕێزە کە ئەزموون و خەون و خولیا و تەقەللاکانی مرۆڤە لە بواری هەمە چەشنەی



فیکری و هونەری و ئەدەبی و هەموو ئەو لقانەی دیکەی زانستە سروشتی و مرۆییەکانە کە کەوتوونەتە دوتوێی کتێبەکانەوە؟ ئێمە وەک گیانلەبەرەکانی دیکە نەخولقاوین کە بە خۆڕسک و هەموو شێوەکانییەوە راستەوخۆ بۆ ژیان ساز و ئامادە کرابین، بەڵکو ئێمە تا رادەیەک بۆ زۆربەی پێویستییەکان و تێگەیشتنمان لە ژیان بۆ هەمیشە دەچینەوە ناو بازنە و خانەی ئەزموونی دەستی دووەمین کە سەرچاوەکەی کتێبەکانن، بە تایبەتی لە دونیای تازەدا. گەر خۆمان بە ئەزموونی «دەستی یەکەم» ببەستینەوە، ئەوەیان بەو مانایە دێت کە کۆی ئەزموونەکەمان پتر هەستەکی ـ ئیحساساتی ـ دەکەوێتەوە، واتا دەچینەوە ناو دارستان و سروشتی رووت و پەتی کە سەرچاوەی زیندەگیمانە. گەر وا بێت ئەوەی کە خوێندەوار لە کتێبەکانەوە چنگی دەکەوێت وەک جۆری ئەزموونەکان، کەم و کورتی دێنێت لە چاو ئەوەی کە نەخوێندەوارێک لە کەسەکانەوە چنگی دەکەوێت. گریمان کەسێک بڕوا بەوە بکات کە مادامەکێ ژیان خۆی سەرچاوەیە بۆ کتێبەکان؛ دە کەواتە لەبەرچی نەگەڕێینەوە ناو کانگاکانی ژیان خۆی؟ بەڵام بڕوایەکی بەم چەشنە لە ڕووی واقیعییەوە لەق و ناجێگیرە، چونکە ئەزموونی ناو کتێبەکان پوختە و هەڵبژاردەی هەموو ئەزموونی مرۆڤایەتییە، وەک ژیان و زیندەگی هەر هەموومان زیندانی جوگرافیایەکی دیاریکراوین، کەچی کتێبەکان سنووربەزێنن، هەر هەموومان بۆمان ناکرێت وەک پەیوەندی ئادەمیزادانە بەر یەکدی بکەوین، کەچی کتێبەکان باڵیان هەیە و بۆ کوێ بمانەوێت دەفڕن و دەفڕین.

راسـت نیـە بـە کـەس بڵێیـن واز لـە کتێبـەکان بهێنێـت، بـەڵام دەتوانیـن بـۆ دەوڵەمەندبوونـی ئەزموونـی خـۆی هانـی بدەیـن کـە کتێبـی باشـتر بخوێنێتـەوە. گـەر پشـت لـە کتێبـەکان بکەیـن بـە نـاوی ئـەوەی ئەزموونـی دەسـتی دووەمـە، بـە تایبەتـی هەنووکـە و لێـرەدا کـە پـتر مەبەسـتمان دونیـای ئەدەبیاتـە، واز لـە وشـەی چاپکـراو بێنیـن؛ تەنهـا دوو شـت قازانـج دەکەیـن: تیژبوونـی یـادەوەری و دەسـتخەتی خـۆش، بـەڵام ئەوەیـان بـە دادی چـی دەخـوات لـە نـاو سـەردەمێکدا کـە کـۆی ئەزموونـی مرۆڤایەتـی وا لـە نـاو هەنـاوی کتێبەکاندایـە یـان راسـتترە بڵێیـن وا خەریکـە دەکەوێتـە نـاو هەنـاوی کۆمپیوتەرەکانـەوە.

لەمڕۆکـەدا ‹ئینتەرنێـت› ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی بـۆ خـۆی دزیـوە، هیـچ راپرسـییەک نییـە لای ئێمـە کـە بزانیـن لـە نـاو تۆڕەکانـدا بـە دوای چیـدا وێڵـن، چونکـە کتێبخانـەی گـەورەی تێدایـە، بێجگـە لـەوەی کـە زۆرێکیـش لـەو کەرەسـتە و ئامرازانـەی کات بەسـەربردن هـەن کـە خەڵکـی لـە دەوری خۆیـان کـۆ دەکەنـەوە، راسـتە سـینەما و شـانۆ و ئۆپێـرا کاریگەریـان لەسـەر هەسـت و نەسـتی خەڵکـی هەیـە، لەوەشـدا هـەر هەمـوو هونـەرەکان پێویسـتیان بـە کتێـب دەبێـت، سـینەما و شـانۆ بەبـێ دەقـی نـووسراو نەدەگەیشـتن بـەم ئاسـتە بـەرزەی کـە پێیگەیشـتوون، هـەر هەمووشـی کاریگـەری لەسـەر روانیـن و هەڵسـوکەوتی ئێمـە هەبـووە، بگـرە کـۆی مۆراڵـی ئێمـە، بـە دیـوی جوانـی و ناشـیرینیدا. «شێکسـپیر» بـۆ شـانۆگەرییەکانی بـۆ مێـژوو گەڕاوەتـەوە، بـەڵام دیدگایەکـی قووڵترمـان پێدەبەخشـێت بـۆ ناسـینی مێـژووی ئەمرۆکەمـان، بـێ› دۆستۆیڤسـکی› و ‹تۆلسـتۆی› ناتوانیـن لـە ‹روسـیای قەیسـەری› تێبگەیـن. بـۆ هەمیشـە کارەکتـەرەکان دەبنـە نموونـەی بـاڵا بـۆ ئێمـە، بۆیـە ئـەو قسـەیەی «ئۆسـکار وایلـد» بـە راسـت دەگەڕێـت کـە بـڕوای وایـە دەشـێت ژیـان بـۆ خـۆی لاسـایی هونـەر و ئـەدەب بکاتـەوە.

# رزگار شێخانی





# فوگەی مەرگ

## پاول سێلان

**لە سویدییەوە وەرگێڕدراوە**

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە ئێواران دەیخۆینەوە
نیوەڕۆ و بەیانیان دەیخۆینەوە شەو دەیخۆینەوە
دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
لە هەوا گۆڕێک هەڵدەکەنین ئەوێ تەنگەبەر نییە

پیاوێک لە خانووەکەدا دەژی لەگەڵ مار یاری دەکا دەنووسێ
کە ئەڵمانیا تاریک دادێ ئەو دەنووسێ قژی زێڕنیت مارگەریتا
ئەمە دەنووسێ و دەچێتە بەر خانووەکە و ئەستێرەکان دەبریسکێنەوە فیکە
بۆ سەگەکانی لێ دەدا بێنە ئێرە
بە فیکە بانگی جووەکانی دەکا لە زەوی گۆڕێک هەڵبکەنن
فەرمانمان پێ دەکا مۆسیقای دانس بژەنین

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە
بەیانیان و نیوەڕۆیان دەتخۆینەوە ئێواران دەتخۆینەوە
دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
پیاوێک لە خانووەکەدا دەژی لەگەڵ مار یاری دەکا دەنووسێت
کە ئەڵمانیا تاریک دادێ ئەو دەنووسێ قژی زێڕنیت مارگەریتا
قـژی خۆڵەمێشـیت سـولامیت لـە هـەوا گۆڕێـک هەڵدەکەنیـن ئـەوێ تەنگەبـەر
نییـە

هاوار دەکات ئێوە قووڵتر هەڵبکەنن و ئێوەیش بژەنن و گۆرانی بڵێن
دەست بۆ ئاسنی بەرپشتبەندی دەبا دەیسوڕێنێ چاوی شینە
ئێوە بێڵەکانتان قووڵتر لێدەن ئێوەیش بەردەوام مۆسیقای دانس بژەنن

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە
نیوەڕۆ و بەیانیان دەتخۆینەوە ئێواران دەتخۆینەوە
دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
پیاوێک لە خانووەکەدا دەژی قژی زێڕینت مارگەریتا
قـژی خۆڵەمێشـیت سـولامیت ئـەو لەگـەڵ مـار یـاری
دەکات



هـاوار دەکات خۆشـتر مـەرگ بژەنـن مـەرگ
کارامەیەکـی ئەڵمانییـە
هـاوار دەکات گڕتـر کەمانجەکانتـان بژەنـن ئەوسـا
وەک دووکـەڵ بـە هـەوادا هەڵدەکشـێن

ئەوسا لەناو هەوران گۆڕێکتان دەبێ ئەوێ تەنگەبەر نییە

شیری ڕەشی سپێدە ئێمە شەوان دەتخۆینەوە
نیوەڕۆیان دەتخۆینەوە مەرگ کارامەیەکی ئەڵمانییە
ئێواران و بەیانیان دەتخۆینەوە دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
مەرگ کارامەیەکی ئەڵمانییە چاوی شینە
بە گوللەی قوڕقوشم دەتپێکێ بە گوللەکەی ڕێک دەپێکێ
پیاوێک لە خانووەکەدا دەژی قژی زێڕینت مارگەریتا
سەگەکانی لە ئێمە بەردەدا لە هەوا گۆڕێکمان دەداتێ
لەگەڵ مار یاری دەکا و خەون دەبینێ مەرگ کارامەیەکی ئەڵمانییە

قژی زێڕینت مارگەریتا
قژی خۆڵەمێشیت سولامیت

**سولامیت:**

ئـەو کچەیـە کـە شـا سـولەیمان ئاشـقی بـوو و لـە «غەزەلـی غـەزەلان/ گۆرانیـی گۆرانییان»ـدا، بە شـیعر ئەشـقی خـۆی بـۆ دەربڕیـوە. لـەوێ لـە شـیعری ژمـارە ٦، کۆپلـەی ١٢ نـاوی هاتـووە.



# کۆڕۆنا

پاییز لەناو دەستم گەڵای خۆی دەخوا:
ئێمە هاوڕێین.
لەناو چەرەس
کات دەردەهێنین و فێری ڕۆیشتنی دەکەین:
کات دەگەڕێتەوە لای توێکڵ.

لە ئاوێنەدا یەکشەممەیە،
لەناو خەوندا دەبۆرژێ،
دەم ڕاستی دەڵێ.

چاوم دەکەوێتە سەر زێی خۆشەویستەکەم:
سەیری یەکدی دەکەین،
تاریکی بە یەکدی دەڵێین،
وەک خاشخاش و بیرەوەری یەکترمان خۆش دەوێ،
وەک شەرابی ناو سەدەفان،
کە لە بەر فیچقەخوێنی مانگ لە دەریایە دەنووین.

ئێمە لە بەرپەنجەرە وەستاوین و باوەشمان بەیەکدا کردووە، ئەوان لەسەر شەقامەوە سەیرمان دەکەن:

کاتییەتی بزانرێ!

کاتییەتی بەرد بڕی لە بەر بێ و شکۆفە بکا،

کە لای نیگەرانی دڵێک لێبدا،


کاتییەتی کات هەبێ.

کاتییەتی.



کە لە ڤییەنا ئاشنای – ئینگەبێرگ باخمان – ی شاعیر دەبێ و عاشقی یەکدی دەبن. ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٧/١٩٤٨ بۆ ئەو نووسیوە. لە شیعرەکەدا دەڵێ: «وەک خاشخاش و بیرەوەری یەکترمان خۆش دەوێ.» ئەم خۆشەویستییە، لە ناوی دیوانەکەیشیدا دەبینرێ.

# کریستاڵ




لەسەر لێوەکانم لە دەمی خۆت مەگەڕێ،
لە بەردەروازە لە بێگانە و
لە چاومدا لە فرمێسک مەگەڕێ.

حەوت شەو بڵندتر سوور بۆ سوور دەچێ،
حەوت دڵ قووڵتر دەست دەروازە دەکوتێ،
حەوت گوڵەسوور دواتر چاڵاو خوڕەی دێ.

لەناو ڕووبارەکانی باکووری دواڕۆژدا
ئەو تۆڕە هەڵدەدەم، کە تۆ
نادڵنیا
بە سێبەرە بە بەرد نووسراوەکان
گرانی دەکەیت

تۆ مەرگی من بوویت:
توانییم بتهێڵمەوە،
ئەودەمەی هەموو شتێکم لێ کەوت.

جارێکیان، کە مەرگ برەوی هەبوو،
تۆ خۆت لەناو مندا شاردەوە.



# کـــــــریستاڵ

چاڵی قوڵم
جێ بهێڵە،


یەک لە
ترپەکانی دڵڵێدان ببە،

لە دەرەوە،
خۆتی تێدا بشارەوە.

ئێستا، کە وا تاتەتەختەکانی نزا دەسووتێن،
من کتێبەکە دەخۆم
بە هەموو
سیمبۆلەکانەوە.

**تاتەتەخت:**

Betschemel/Bönpall مەبەست لەو جۆرە تەختەی کلێسایە، کە لە کاتی نزاکردن، ئەژنۆ دەخرێتە سەری.



# بۆ برایەک لە ئاسیا

تۆپە
خۆڕووناککەرەوەکان
بەرەو ئاسمان دەڕۆن،


دە
فڕۆکەی بۆمبهاوێژ باوێشک دەدەن،

بڵێسەیەک شکۆفە دەکا،
دڵنیا وەک ئاشتی،

دەستە شوولکێک
وەک هاوڕێکەت دەمرێ.

بۆ برایەک لە ئاسیا: سێلان ئەم شیعرەی لە ئابی ١٩٦٧ دا، نووسیوە. ئەو کاتە، ئەمریکا هێرشەکانی بە فڕۆکە بۆ سەر ڤێتنام زۆر چڕ کردبوو. دوو مانگیش بوو، شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و عەرەب، کۆتایی هاتبوو. شیعرەکە لەبارەی شەڕی ڤێتنامەوەیە، بێئەویە ڕاستەوخۆ ناوی ڤێتنام بهێنێ. سێلان کە خۆی قوربانییەکی شەڕ بوو، دەیزانی ئاسەوارەکانی شەڕ چ برینێکی قووڵ دەنێنەوە. شیعرەکەی سێلان باسی برایەتی دەکات، کە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی ئەم (برایەتییە)، لە شۆڕشی فەرەنساوە هاتبوو و

پاشـانیش لـە کێشـەی زۆر وڵاتـان سـەدای دەدایـەوە.



تیشکی ڕووناکییەکە، بەڵێ، ئەوەی کە
ئەبوو توور
بینیی بە سواریی بەرەو ئێمە بێ، کاتێک ئێمە
لە ناوەوەی یەکتردا هەتیو کراین، لە ژیان،
نەک تەنیا لە مەچەکەوە:

گوریسێکی زێڕین، بە
قووڵایی پەرستگە،
مەترسییەکەی پێوا، کە هێشتا
لەژێرماندا کڕ کەوتبوو.

ئەبـوو تـوور (ابـو الطور/الثـور): Abu Tor ، گەڕەکێکـی سـەر گردێکـە لـە ئورشـەلیم دەڕوانێتـە سـەر ئورشـەلیمی کـۆن. ئێتمولۆژیـی ناوەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی داگیرکردنـی ئورشـەلیم لەلایـەن سـەلاحەددینی ئەیووبییـەوە. شـێخ شـیهابەددین، کـە بـە شـێخ ئەحمـەدی کەڵەگایـش ناودەبـرا، ئەفسـەرێکی سـوپای سـەلاحەددین بـوو، دەگوتـرێ ئـەو بەسـەر پشـتی کەڵەگایەکـەوە، یـاوەری سـەلاحەددینی ئەیووبـی کـردووە و ئیـتر گردەکەیـان بـە نـاوی ئـەوەوە کـردووە، بـەڵام -کەیفـا- کـە سـاڵی ١٨ پـاش لەدایکبـوون ژیـاوە و لـە پەیمانـی نوێـدا نـاوی هاتـووە، کاهنـی گـەورەی ئورشـەلیم بـوو و ماڵیشـی لەسـەر ئـەم گـردە بـووە و لـەوێ دێرێـک هەبـووە، کـە ئاڵاکـەی وێنـەی کەڵـەگای هەبـووە.
گوریسـی زێڕیـن: Goldboje/guldboj ، مەبەسـت لـەو گوریسـانەیە، کـە لـە مەلەوانگـە و کەنارەکانـدا بـۆ ڕزگارکـردن دانـراون

**1**

شـەمەندەفەرێک بەنـاو تاریکیـی شـەودا دەڕوات، بێدەنگـی لـەت دەکات و لـە ئاوشویسـت ڕادەوەسـتێت.
باڵندەی باڵکراو دەجریوێنن.
بیسـت زیـل، لـە گەردوگوڵـی بەیانیـدا، بەنـاو پێدەشـتی گەرمیانـدا سـەریان لـەدوای یەکـدی نـاوە.
سەردولکەیەک ئاونگی ئەم بەیانییە زووە دەتوێنێتەوە.
هیی گەڵایەک دەکەوێتە ناو شمشاڵێکی بەجێماو.

- تەقەتەقی شەمەندەفەرەکە و گڕەگڕی زیلەکان، خەون نەبوون.



2

ئەمە وێنەیەکی باوکمە؛ ڕەش و سپییە. تەنیا چاوەکانی وەک گیا سەوزن. بەسەرییەوە ئاسەواری زەمەن وەک کۆتر گمەگم دەکەن. من لە ژوورەوە دانیشتووم و لە وێنەکە ڕادەمێنم. لە دەرەوەیش پاییزە و گەڵا وەریوەکان زەوی دەژەنن و ئاوازێکی ناسۆر بۆ ناو بۆشاییەکان دەکشێ.

بە بزەوە سەیری ناو چاوم دەکات، لە هیی ئەویش ئەستێرەی شین دەرژێن و ماڵەکەم ڕووناک دەکەن. بە چرپە پێم دەڵێ: زەمەن وێرانی کردووین، غەریبیی بۆنی نێرگز دەکەم.

وێنەیەکی نێرگز لەناو چەکمەجەیەکدا هەیە. دەیکەمەوە و بۆنی ملوانکەی مێخەکی ئەو، بۆ ناو بۆشاییەکان دەکشێ. بینیم وا خۆی دەگۆڕێ و پەلەیەتی بێتە بەر ڕووناکیی شینی ماڵەکەم، لەوێ گوێ لە ئاوازە ناسۆرەکە بگرێ و لەگەڵ ئەودا باسی ژیانی ئەبەدی بکەن.

3

ئێرە پۆڵۆنیایە.
مانگەشەوە و ئەو وەک بەرد بێ جوڵە لەسەر گابەردێک دادەنیشێت.
چاوی تیژ و زمانی گەڵایەکی وەریو دەبێت، کە دەبینێ؛
منداڵێک بەدەم ڕێگەوە، ڕوو لە مانگ شمشاڵ دەژەنێ.
کە دەبینێ؛ دوو سەرباز لەناو تاریکییەوە دێن و وەک درەختی لە ڕەگەوە هەڵکێشراوی لێ دەکەن.

4

بەیانییان تەمێکی ئەستوور دارستانی گەڕەکەکەیان زیوین دەکات.

ئەو بەناویدا بۆ سەر کار دەڕوا.

هەموو ڕۆژێ بەوێدا بۆ سەر کار دەڕوا.

گەڵا وەریون، ڕێچکە زەردی هەنگوینییە و ئەو خەیاڵاوی دەڕوا.

ئاسکێک دەبینێ، دوو چرکە سەیری ناو چاوی دەکات. - تۆ نامۆیت! دەڕەوێتەوە.

دەنگی شەمەندەفەرێک بەناو تەمەکەدا دێت و خۆی لە لاجانگی دەدات.

بەئاگادێتەوە و هەنگاوی خێراتر دەکات.

5

ئێرە، جاران باخچەی ژنومێردێک بوو، ئێستا خاکێکی بەیارە.


یادەوەرییەکانی بوونەوەری نادیارن.

ئەو کەسانەی دەتوانن بیانبینن، شەست ساڵە ئێرەیان بەجێی هێشتووە.

وا من لەسەر ئەم خاکە، پشتم بە گابەردێک داوە، جاران هەواری ئەوان بوو.

لەوێ جۆگەیەک ڕەت دەبوو، مار لە لێواری دەنووستن.

چاوم دەنوقێنم و خەیاڵم لەناو بوونەوەرە نادیارەکاندا دەفڕێ.



## 6

ژنێـک لەسـەر کورسـییەک دانیشـتووە. تیشـکی خـۆری ئێـوارە لـە پەنجـەرەوە دێتـە ژوورەوە و لاجانگـی ڕوونـاک دەکات. ئەگـەر ورد سـەرنجی لـێ بـدەی سـێبەری گوڵـی بـەر پەنجـەرەی لەسـەر دەبینـی.

منداڵەکـەی؛ لەسـەر زەوی یـاری لەگـەڵ پەڵـە تیشـک دەکات، کـە بەنـاو درەختـی بـەر پەنجـەرەوە دێنـە ژوورەوە. کات دەڕوات و سـێبەری سـەر لاجانگـی ژنەکـە و پەڵـە تیشـکەکان ون دەبـن.

شـەو ڕادەشـکێ. خـەو لوولیـان دەدات. منداڵەکـە خـەون بـە پەڵـە تیشـکەوە دەبینـێ. ژنەکـە هیـچ لەبـارەی سـێبەری گوڵەکـەوە نازانێـت، ئـەو خـەون بـە خونچـەی نـاو ئینجانـەوە دەبینـێ، پشـکوتوون و هەنـگ شـیلەیان هەڵدەمـژێ.

## 7

ئەم خانووە وێرانەیە و لەمێژە کەس لەوێ ناژی.
دەچمـە ناویـەوە؛ سـێ چرکـە بێدەنگـی کاسـم دەکات و پاشـان لـە پەنجـەرە واڵاکانـەوە دەنـگ و بۆنـی شـار دێنـە ژوورەوە.
نووسین و هێمای سەر دیوارەکان دەمبەنەوە ناو مێژوو.
دەبینم زەمەن وشەیەکی خواردووە و بەئاستەم تیپەکانی دەبینرێن.
- چۆن وشە کۆنەکان بخوێنینەوە؟

8

دوو سوپا لەم بەر و ئەو بەری وشەی "جەنگ"دا ڕاوەستاون.
لە گەڕان بەدوای دەروازەکانیدا، لەناو فەرهەنگ دەریانهێناوە و بە چەقۆی نەشتەرگەری پێستیان داماڵیوە.
جەنگ: وشەیەکی لەوێدا کەوتووی گەمارۆدراوە.
دەروازەیەکی نەبینراوی هەیە، لێیەوە دەچمە ژوورەوە و دەریایەک دەبینم.
لەوێ، لەسەر کەنار دەڕۆم و سەدەف لە پێم ڕادەچێ.
لە ئاسۆیشدا قافڵەیەک کەشتیی جەنگ بەرەو دەروازەکە دێت،
- دێمە دەرەوە و قوفڵێکی نەبینراوی لێ دەدەم.

9

ئەو لەسەر گابەردێک دانیشتبوو و بارانێکی سەوز بەسەر دۆڵی کوژراوەکاندا باری، دەنگ و تاریکیی فەزای بۆ ناخی زەوی برد. دەنگێک لە ئاسمانەوە پێی گوت: بڕۆ ناو دۆڵەکە و ئێسکی کوژراوەکان کۆ بکەوە، من لە هەر چوار لاوە با هەڵدەکەم، هەموویان زیندوو دەکەمەوە.

ئێمە لەسەر گابەردێک دانیشتووین و گەواڵەیەک لە لای بەردە ڕەشەکەوە دێ و بەسەر ئێسکی کوژراوەکانماندا دادەکا. دەنگ و ڕەنگ و ڕووناکیی فەزا بۆ ناخی زەوی دەبا.

تریفەی مانگ خۆی دەشارێتەوە.

هیچ دەنگێک نایەت لە ئاسمانەوە.

کـە مانـگ دەرکەوتـەوە، ئێمـە خۆمـان لـە بـەر تریفـەدا، بەئەسـپایی ئێسـکی کوژراوەکانمـان کـۆ دەکەینـەوە.

## 10

هۆڵێکـی نـە هێنـدە ڕووناکـە ئاسـمانی شـینی نـاو تابلۆکـە ببینـرێ، نـە هێندەیـش تاریکـە ژنومێـردە جوتیـارە پاڵکەوتووەکـەی سـەر گیشـە نەبینرێـن.
خۆر لە قووڵایی ئاسمانە و ئەوان ماندوون.
نووستوون و دەنگ و چرپەی پێی گەشتیارەکان بێداریان ناکاتەوە.
لێیان نێزیک دەبمەوە.
ژنەکە سەری خۆی لە باوەش ناوە و لەسەرلا ڕاکشاوە.
پیاوەکـە لەسـەر پشـتە و شـەپقە ڕەنـگ خۆرییەکـەی بـۆ سـەر ڕووی لار کردووەتـەوە و کەمێـک سـێبەری ناوەتـەوە.
هەردووکیان زۆر ماندوون.
ئێرە کەمێک تاریکە و لای ئەوان خۆر لە قووڵایی ئاسمانە.
منداڵێک بانگی دایکی دەکات و ئەوان بەم دەنگە بێدار دەبنەوە.
لەسـەر خـۆ هەڵدەسـتنەوە. بـە ڕووماننـدا دەخەننـەوە. داسـەکانیان هەڵدەگرنـەوە و پشـت لـە ئێمـە و ڕوو لـە گوڵەگەنمـە زەردەکان لەسـەرخۆ دەڕۆن.

# شۆڕش غەفووری



# ئەنجامگیری سادق هیدایەت بۆ ڕووەکخۆری

لەم ڕۆژگارەدا پەرەسەندنی ڕووەکخۆری لە سنووری ئاسیا تێپەڕیوە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئەمریکا و وڵاتانی سکەندەناڤیا و.. هتد گرووپگەلی فراوان بە باوەشی کراوەوە پێشوازییان لێکردووە و لە گشت ئاو و هەوا و ژینگەکان و لە لای گشت نەژاد و ڕەگەزە جیاوازەکانی مرۆڤ باڵاتربوونی خۆی بەسەر خۆراکە خوێناوییەکاندا دەرخستووە. ئەمڕۆکە ئیتر کەسێک ناتوانێت پێویستیەتی خۆراکی خوێنین بۆ مرۆڤ بسەلمێنێت و بێگومان ڕووەک خۆراکی ڕەگەزەکانی داهاتووی مرۆڤە. زانست و ئەخلاق و هەست و سروشت، دەستیان داوەتە یەکتری و بە ڕوون و ئاشکرا ڕێکن لەسەر ئەوەی ڕووەکخۆری ڕزگارکەری ڕەگەزی مرۆڤە. ڕۆژێک دێت خۆراکی خەڵکی بە ڕاددەیەک گۆڕانی بەسەردا دێت کە باوەڕ ناکرێت






باوانیان خۆراکێکی ئەوەندە ناخۆش و ناتەندرووست و دڕندانەیان خواردبێت!

هەموو مرۆڤێک لە قووڵایی دڵەوە هەستێکی قووڵ و چێژ و زەوقێکی سرووشتی بۆ میوە و گوڵستان و کشتوکاڵ هەیە و هەر بە سرووشتیش وا ڕاهاتووە بێ پێچ و پەنا بێزار و دڵگرانە لە بۆنی خوێن و دیمەنی کوشتار و قەسابخانە. منداڵی مرۆڤ دەست بۆ میوە درێژ دەکات ئاسایی و سروشتییە، بە هەمان ئەندازەش سرووشتییە کە بەچکە پشیلەیەک لەسەر خۆراک نێچیرە خوێناوییەکەی گەمە دەکات و هەڵدەبەزێتەوە. ئایا لە داهاتوودا دەکرێ هیوامان بە چی هەبێت؟ پێشینان لە ڕووی ناچارییەوە خۆراکی خۆیان هەڵبژاردووە و لەپاشهاتووەکانیش لە ڕووی هەڵبژاردنەوە جیاواز دەبن. مرۆڤەکان سەرەتا ئەوەی کە لە توانایاندا هەبووبێت دەیانخوارد، کەواتە ئەوەی کە خۆشیان ویستووە و لە دەرەنجامیشدا ئەوەی باشتر بووە خواردوویانە. هەرچی پایە و بنەمای لەسەر مەیلی سرووشتی و ئەزموون هاتووەتە دی، باش و تەندروستە. هەر کاتێک مرۆڤ خۆی لە خۆراکە خوێنییەکان بەدوورگرت و خۆراکی خۆی ڕاستەوخۆ لە سروشتەوە دابین کرد، بۆی دەردەکەوێت بەشێکی زۆری نەخۆشییەکان ڕیشەکێش دەبن و لە ناو دەچن، ئەوجا ژمارەی هەیکەلە بەهێز و بنەماداەکان زێتر دەبێت و درێژی تەمەنی لە ڕادەبەدەر زیاتر دەکات، هەروەها لە کەمبوونەوەی ئەشکەنجە و ئازاری ئاژەڵەکان، ئارامی و پشوویەکی خۆش جەستە و دەروونی دادەگرێت و ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە بەشێکی زۆری زەحمەتەکانی خۆی وازدێنێ و خۆراکی داهاتووەکان دەبێتە خۆراکی سروشتیی مرۆڤ. سفرەی ڕووەکخۆر، دیمەنی کۆیلایەتی ئاژەڵان و قەسابخانەکانی کوشتار و خوێن و ئەشکەنجەی سرووشتی ماتەمگرتوو پێشان نادات. خۆراکی ئەو، پێشاندەری ڕووکار و دیمەنی باغ




و بێستان و ژیانی دێهاتیانە و کشتوکاڵ و دروێنە و جێژنی سروشتیی دەبێ. سفرەی ئەو، دیمەنی سەرزەوینە سەوز و بەپیتەکان و خۆری درەوشاوە و شادی و دڵڕفێنییەک دەردەخات کە دڵکەشییەکەی لە خەوی خۆش و بێ مۆتەکەی هەراسناک و خوێناوی گیانلەبەران دەبێ. ڕووەکخۆری هەنگاوی یەکەمە بەرەو ڕاستی و درووستی، بۆ لەپاشهاتووەکانیش زۆر گرانبەها دەبێت چونکە زێڕپەرەستی و کۆیلایەتی مرۆڤ و ئاژەڵەکان هەڵدەگیرێ. ئەو پیشە و کارانە ڕیشەکێش دەکات کە دەبنە هۆی ساختەکاری و مشەخۆری و دزی و جەنگ. دەشتەکان و کێڵگەکان کە پێشانگای ژیانێکی ئارام و شادمانین، چیتر دیمەنی ترسناکی کوشتار و ناڵە و ئەشکەنجەی زادەکانی ئەوێ کە سروشت خوڵقاندوونی، پێشان نادەدات، چونکە خوێنڕێژی بێ ویژدان و خوێنخۆری ئەمرۆیی پشتیوانێکی بەهێزی ئەوانن. هەستی برایەتی ڕاستەقینە لە دڵی خەڵکدا پەیدا بووە و سنووریشی تەنیا بۆ مرۆڤەکان نییە، بەڵکو برایەتییەک و بەرابەرییەک دەبێت کە گشت خوڵقاوەکانی سروشت پێکەوە کۆ دەکاتەوە و یەکیان دەخات. ئەگەر پێویستە نەژادی مرۆڤ ڕۆژگارێک بەوپەڕی گەشە و پێشکەوتن بگات، ئەوا لە ژینگەیەکی سرووشتی و بە خۆراکی ڕووەکی دێتەدی، هەروەک چۆن گۆشتخۆری و شارستانیەتی دەستکردانە بۆگەنی کردووە و بەرەو هەڵدێری نەمانی دەبات، مەگەر ڕەچەڵەکێکی بەهێز و تازەی گەشەسەندوو کە ژیان بە پێی یاساکانی سروشت بکاتە جێگرەوەی، ئەگینا بە شێوەیەکی نەنگین ڕەچەڵەکی دەکوژێتەوە و نامێنێت.

**سادق هیدایەت**

**پاریس ـ ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٠٦ی هەتاوی (١٩٢٨ی زایینی)**



# سوبحی

## تەنیایی کوشتی!

تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی!
تەنیایی کوشتی

ئازاد سوبحی، بە هۆی نەخۆشی و سەعات ٨:٤٥ خوولەکی شەوی ٢٥ لەسەر ٢٠١٤/١٠/٢٦ کۆچی دوایی کرد و دواتر سەعات ١١:٣٠ شەو لە گۆڕستانی (ئابڵاخ) لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

ئازاد هەر وەك پیاوە جوانەکانی دیکەی شاری کەرکوك، کتوپڕ و لە بێدەنگی و تەنیاییەکی سەیردا سەری نایەوە و لەگەڵ خۆیدا دەنیایەك حەسرەتی بردە ژێر خاك، خاکێك کە دەشێت مەمنوونی بۆن و جوانی و بەرائەت و بێدەنگییەکانی لاشەی پیاوێکی شاعیر بێت کە کەس ڕەقی لێ نەدبووەوە و تەنانەت ئەوانەی کە نەشیاندیبوو خۆشیان دەویست. کەسێك کە قووڵبیرانە خەریکی وشەکان دەبوو و نەیدەڕەنجاندن. ئەو دەق و خوێندنەوانەی کە سوبحی بەرهەمی هێناون، سیحری خۆیان هەیە و زۆر کەم کەس هەیە بڵێت ئەو نووسینانە ئەفراندن نین لە مەجالی ئەدەبیدا.

کە سوبحی پێمان دەڵێت:

«من تەنیایی نامکوژێ
ئەو سەحرایە ئەمکوژێ
کە لە دڵما هەڵمگرتووە
من بێکەسی نامکوژێ
ئەو قەرەباڵغیە ئەمکوژێ
کە لە دوورەوە فڕێدرامە ناوی»،

هەســت بــەوە دەکەیــن ئــەو پیــاوە چەنــدە خــووی بــە تەنیاییەکانیــەوە گرتبــوو، پیاوێــك کــە هــەم ڕۆژگار خیانەتــی لــێ کــرد و وەك ئــەوەی بیســتوومە هــەم برادەرەکانیشــی. لــە دەنگــی شــیعری ســوبحیدا، ناســکییەکی ســادە مــرۆڤ دەتاســێنێت، هێنــدە جــوان مــرۆڤ تووشــی سەرســامییەکی وێرانکــەر دەکات وەك ئــەوەی بۆنــی خوێنــی لــێ بچۆڕێــت:

«کێیە بەم هەموو خوێنەوە
بەردەوام خەون ئەبینێ
خەون بینینێکی سوورە هەزاران ساڵ
پێش ئێستا کوژرا
ئێستا داوای مافی ئەو وێنانە ئەکات
کە چاویان پڕ کرا لە رەنگی سوور
ئەوە خوێنێکە بریسکەی دێ
ئەوە لاشەیەکە ئەدرەوشێتەوە
قیامەتە . قیامەت
جووتیارەکان بە ئارەزووی خۆیان ئەمانکێڵن
ئێمە نووستوین و ئەوان لە سەحرا راماندەخەن.»

# ڕوانگەی فەیلەسووفێک لەمەڕ ژووری خەو




لە ڕوانگەی فەیلەسووفی هاوچەرخ (ئالەین دێ بۆتۆن ـ Alain de Botton)، ئێمە نابێت نیگەرانییەکانی ژیانی هەرڕۆژەییمان بهێنینە نێو ژووری نووستنەوە. بەشێکی گەورەی کێشە جنسییەکان و ئەو لاوازییانەی کە پیاوان لە نێو تەختی خەودا ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەبەر ترسیانە لە خراپ جێبەجێکردن. ئەگەر پێناسێکی سۆزدارانەی دیکە لە سەرجێییکردن هەبێت، بەشێکی زۆر لەو نیگەرانییانەی کە لە حیساب و کیتاوی دونیای دەرەوەی تەختەخەوە، کەمڕەنگ دەبنەوە.

ئالەین لەو بڕوایەدایە کە لە پلەی یەکەم سەرجێیی، لەو مێشک و هزردا فۆرموولە دەبێت و زیاتر لە هەر شتێکی دیکە جێبەجێکردنی بیرۆکەیەکی چێژبەخشە. هەر بۆیە هاوەڵێکی باشی سەرجێی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، قەرزاری توانایەکی زەینی و خەیاڵێکی بەهێزە.

سەرجێی، پەنابردنە بەر کات و ئیحساساتێک کە ئێمە لە دونیای هەرڕۆژەیی نایدۆزینەوە. جۆرە خەڵوەتێکی شەخسی، بوونی جۆرە بڕوابەخۆبوونێکی تایبەت بە مرۆڤێکی دیکە و لە هەمووی گرنگتر شەریک بوونە لە ئارەزوو و تێهزرینەیلێک کە لە ژیانی ئاساییدا، مافی دەربڕینیان نییە. لە نێو جێدا، خواست و چاوەڕوانی غەریزی ئێمە ئەمەیە کە ڕووت بینەوە. خودێکی ڕووت و قووت بە هەموو لاوازی و بەهێزییەکەوە کە چیتر ناتوانین و نامانەوێت بیشارینەوە. هەر بۆیە سەرجێی باش، ڕزگاربوونە لە هەر جۆرە قەزاوەت

و پێشـداوەریکردن. ئێمـە لـە جێـدا، ئەگـەر بـە پێـی پێویسـت گەرموگـوڕ بیـن، تـرس و شـەرمێکمان نامێنێـت لـە کۆنترۆڵکـردنی ئیحسـاسی یەکـتری. بـە پێچەوانـەی ڕەفتـاری هەرڕۆژەیـی، لـە نێـو جێگـەدا، ئێمـە دەمانەوێـت نائاسـایی بیـن و تەنانـەت خۆمـان بدەینـە دەسـتی کەسـێکی دیکـە کـە بڕوامـان پێیـەتی. سـەرجێییەکی جـوان، ئـەو دەرفەتـە دەداتـە هاوجووتـەکان کـە دەسـت بدەنـە کەشـف و دۆزینـەوەی پێویسـتییە سـەرکوتکراوەکانی یەکـتری. شـەرمیان نەبێـت ئەگـەر خەیاڵێکـی سـەریر کـە هەمیشـە لـە سـەردەمی مێرمنداڵـی و پێگەیشـتنی جنـسی لەبارەیـەوە خەیاڵیـان کـردووە، لەگـەڵ شـەریکەکەیان بیهێننـە گـۆڕێ و تەنانـەت پراکتیـزەی بکـەن.

بـە درێژایـی ژیـان، بـەردەوام بـە گوێمانـدا دەچەپێنرێـت کـە بڕوامـان بـە کـەس نەبێـت. بـەردەوام هۆشـداریمان دەدەنـێ نهێنـی و ڕازەکانمـان لـە نێـو دڵـی خۆمانـدا بشـارینەوە و حەرەمـی شـەخسی خۆمـان بپارێزیـن و بـە دڵنیاییـەوە ئـەم مۆچیاریانـەش گرنگـن، بـەڵام کاتێـک کـە لـە بـاوەشی مرۆڤێکـی خۆشەویسـتداین، دەبێـت خـۆش چانـس بیـن لـەوەی کـە دەگەینـە قۆناغێـک لـە «نێزیکـی» کـە لـە ژیـانی هەرڕۆژەیـی مەیسـەر نابێـت.

بیرمـان بێـت کـە لـە نێـو جێـدا، نیگـەرانی ڕەفتـارە میکانیکـی و دووبـارەکان نەبیـن، لەبـری ئـەو نیگەرانییانـەی کـە لـە ژیـانی هەرڕۆژەیـی دەیانهێنینـەوە نێـو تەختـی خەوەکەمانـەوە، هەوڵـی بەدیهێنـانی ئـارەزوو و خواسـت و مەیلـە نەوتراو و یاسـاغەکای یەکـتری بیـن. بـڕوا، ڕێـز و میهرەبـانی لـە نێـو بـاوەشی یەکـتری ئەزمـوون بکەیـن، تـا بتوانیـن بیرەوەرییەکـی چێژبەخـش لـە دونیایـەک بەرهـەم بهێنیـن کـە زۆرێـک لـە ڕووداوەکانی لـە دەرەوەی توانـای ئێمـەوەن.

**سەرچاوە:**

http://www.thebookoflife.org



# کە تاکەکان لە سەما دەکەون، ژیان دەمرێت

سەما کاردانەوەیەکی ئینسانییە بەرامبەر ئیحساسی دەروونی و ڕۆحی خۆی، هەر بۆیە بە هونەری نمایشی لەقەڵەم دەدرێت و جووڵەی سەماکەرەکانیش ئامانجی ئینسانییان لەپشتەوەیە و پڕن لە سیمبول و جوانیناسی.

سەما زمانێکی نێونەتەوەییە و بێ زمانگۆکردن مەبەست و ئامانجی خۆی دەگەیێنێت و دەپێکێت و ئەو ئیحساسە دەگوازێتەوە کە لە نێو هەموو مرۆڤێکدا هەیە و سنوورەکان ناناسێت و دەبێتە بەشێک لە عەشق.

سەما کۆنترە لە ئایین، بە پێی وێنە ئەشکەوتییەکان، سەما مێژووەکەی بۆ هەزاران و یا ملیۆنان ساڵ پێش دەگەڕێتەوە، بۆیە لۆجیکییەن دەبێت قبوڵی بکەین سەما لە ئایین کۆنترە، هەر بۆیەشە سەما دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگ و کەڵچەری ئینسانەکان، وەک چۆن ئایینیش دەبێتە بەشێک لەو فەرهەنگ و کەڵچەرە.

نیچە کە قسە لە زەرتوشت دەکات، دەڵێت: «من تەنیا باوەڕم بە خوایەکە کە سەما دەزانێت»، بۆیە ئایین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دژکردەوە و یا هاودژییەک نەبێتەوە، دێت سەماکان دابەش دەکات بەسەر سەمای ئایینی و

نەریتی و ئێرۆتیک. لەبەر ئەوەی ناتوانێت و ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی نییە خەڵک هەڵاوێرێت لە نەریتە سەدان ساڵەکانی خۆی کە بەشێکیان وەک ئایینیان لێ هاتووە ناچارە بە تەعریفێکی جیاواز و چەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراو سەمای نەریتی قبوڵ بکات، وەک چۆن لە ئایینی ئیسلامدا ناچارە هەڵپەڕکێ وەک سەمایەکی کوردانە قبوڵ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژن لە پیاو جیا دەکاتەوە و تەنانەت تا ئەو شوێنەش دێت کە نابێت ژنان لەبەردەم پیاوان هەڵپەڕن. هەڵبەتە بە گشتی و کێشە گەورەکە و بۆمبە مەترسیدارەکە «ژن»ـە کە ئایین لەگەڵی دەجەنگێت، چونکە دەنگ و جەستە و جووڵەکانی ژن تابۆ و مەترسیدارن بۆ سەر ئیمان و ئایینی پیاو و کۆمەڵگە و ئەمەش وا دەکات سەمای دوو کەسی و ئەویش لەبەرچاوی خەڵک و عام ڕێگەپێنەدراو و حەرام بێت.

سەمای کوڕ و کچەکەی کەنار شەقامی سالمی شارە جوانەکەی سلێمانی نەک هەر ئاساییترین کردەی ئینسانییە، بەڵکو پڕیشە لە دلۆڤانی و ستاتیکا و هونەر و ئەگەر ئینسان لەمانە بێبەری بکرێت، جگە لە دڕندەیەکی بێ ئیحساس، هیچی تری لێ نامێنێتەوە. ئیسلامییەکان بە گشتی (توندئاژۆ و سەلەفی و میانەڕەو) هەتا دێت زیاتر ئەندامەکانیان دەخزێننە نێو کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکانەوە و سەرباری هەموو ئەمانەش خەریکن کەلتوورێکی بێگانەی ئیسلامی دەهێننە نێو کۆمەڵگەوە کە تاقیکردنەوەی خۆی هەر لە ئێرانی دراوسێ داوە بە دەستەوە و ئێستا لە کوردستان ئاماژە و سیمبول و هێماکانی ئەو جۆرە لە ئاییندارییە مەترسیدارە دەبینرێن و دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بین خوولێکی ڕەش و خەفەقانی تۆقێنەری دیکە ڕوو لە هەرێم بکات و گۆرانی و مۆسیقا و دەرکەوتنی ژنان و جلوبەرگی تەسک و خشڵ و فیلم و تەلەڤزیۆن و سینەماش یاساغ بکرێت و کۆمەڵگە بگەڕێنرێتە سەردەمانی دواکەوتوویی و کوشتن و بڕینی بەرچاوی عام و سزاگەلی نائینسانی.

# ئەوەی لە نێوانمان ڕوویدا سەرابێک بوو

بیستوومە مردووەکان باسیان بکەیت
لە گۆڕیشدا ڕادەچڵەکێن،
من کە لە دڵی تۆدا حسابی مردووم بۆ کراوە
بۆچی ناوم قەت ناهێنی
بەخراپەش هەر قبوڵە
خۆ لەم ڕۆژگارە ڕەشەدا
نەک هەر زیندوو
زۆرجار زەمی مردووش کراوە
من کەهەموو ژیانت بووم
بەقسەی خۆت ئاسمانت بووم
بۆ ئاسان بوومە بێگانە

لەبیرکردن و دوورکەوتن
لەلای تۆ مەرگ و بقە بوو
ئێستا بۆ لە لات ئاسانە
لەو ڕۆژەوەی کە نەمدیوی
لە هەر سەفەرێک دێمەوە
سەیری ڕۆیشتووەکان دەکەم

پێشەوا ٧

نەبادا تۆ یەکێکیان بی
سەر بە هەر کافێییەکدا دەکەم
نــــــــــزا دەکەم
یەکجاریش بێ میوانیان بی
بۆت گەڕاوم، بۆت گەڕاوم
بێ ڕەحم نیم، هەردوو چاوم
ئەوەی قەدەر لە ئێمەی ویست
شکانی دڵ و دوری بوو
زامێکی بێ سەبووری بوو
ئەو تابلۆیەی دەمانــــکێشا
بە قەڵەم و فڵچەی ڕەنگی
لەچاوی قەدەرو گەردوون
ڕەش و سپی بــــــــوو
ئەو باڵندەی  باسمان دەکرد
هات و لەسەر ئێمە ڕەت بوو
بولبوول نەبوو بایەقوشبوو
خۆشەویستی و پێکەنین و
تابلۆی جوانی داهاتوومانی هەپروون کرد
لێوەکانمان بوونە گۆڕی پێکەنین و
چرای هەیوانی دڵ کزبوو

حیکایەتی دڵتەنگی ئەبەدی ئێمە نووسرایەوە
ئەوەی لەنێوامان ڕوویدا... سەرابێک بوو


## سارا عومەر:

# ئێمە لەناو حەقیقەتەوە دزەمان کردووەتە ناو ژیان

**ـ ئاوەز بەرهەمی زەمەن و ئەزموونە. زەمەن و ئەزموون دووانەیەکن، کە دەشێت مرۆڤ بەرهەڤ بکەن بە واتای واقعیەکەی خۆی. ئەگەر کێشەی خودی بوون ئاوەزمەداری مرۆڤ بێت، کەوا بێت خودی بوون لەسەر ئاوەزمەداری ئەم کائینەوە بەندە. بە بڕوای سارا عومەر بوون چەندە پەیوەستە بە ئاوەزمەدارییەوە؟ بوون چەندە لە بوونیەتی ئاوەزمەدارییەوە ئاوس دەبێت؟**

سارا عومەر: ئەگەر مەبەست لە چەمکی «بوون» لەم پرسیارەدا کورت- تر کرابێتەوە بۆ «بوونی» زیندوانەی کائینێک، کە ناوی مرۆڤە؛ ئەوا دەشێت وەڵامی پرسیارەکە لە خودی پرسیارەکەتانەوە هەڵهێنجم. من پێم وایە، «بوونی» مرۆڤ «بوونی» کائینێکی جەنجاڵە لەناو پرۆسەی بەردەوامیدا. واتە زیندووترین فاکتەرێک، کە تەحەکوم دەکات بەسەر قاڵبوونەوەی مرۆڤدا. بێگومان زەمەن و هەموو مومارەسە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤیش، سەرئەنجام لەناو زەمەندا ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت ئەزموونە. کەواتە زەمەن و ئەزموون دووانەیەکی لێک هەڵپێچراون لە گشت کەلتور و بوارەکاندا. هەڵبەت «ئاوەزیش» وەک ژیان یان وەک نوتفەی بەردەوامی مرۆڤ لە دونیادا بەدەستهاتووی کۆی هەوڵ و گەڕان و ڕامانەکانە. وەلێ هەردەم ئامادەگییەکی پێشوەختانە لە «ئاوەزی» ئێمەدا، وەک مرۆڤ بۆ بەرەو پێش چوون «بوونی» هەبووە و بە دڵنیاییەوە هەتا شتێک بمێنێت بە ناوی مرۆڤەوە هەر هەیە و بەردەوام لە گەشە سەندنیشدا بووە. دەنا «ئاوەز» نەیدەتوانی فۆرمە تەنگەبەرەکەی سەرەتا و هەم ئەم فۆرمە فراوانبووەی

ئێستاش زیاتر تێپەڕێنێت، لە کاتێکدا هەر تاکێک لە ئێمە شاهیدی ڕۆژ دوای ڕۆژی گەشەی «ئاوەزین». خۆ ئەگەر هەموو شارستانییەکان کۆمەکیان کردووە بە بەرین کردنەوەی قەوارەی «ئاوەز»، ئەوا «ئاوەزیش» لە ڕەنگڕێژ کردن و دەوڵەمەند کردنی شارستانییەکاندا خەتی سپی خۆی کێشاوە لەسەر نەخشەی ڕامانەکانی خۆی بۆ ڕازاندنەوەی هەمان بەدەستهاتوو.



دیارە «بوون» لە مانا فراوانەکەی خۆیدا هەمیشە پەل دەهاوێژێت بۆ گیرخواردنمان لە بەردەم تەنگ و چەڵەمەی بێوەڵامی و نەبوونی دەروازەیەکی ئاشکراکەر، سەبارەت بە پرسە قووڵەکانی وەک «ئایا ئێمە، من، تۆ، ئەو ئەوان و هتد» هەن..؟ وەلێ من «بوون» وەک بێسنووری کۆی گەردوون و هەسارەکان دەبینم، کە ئێمەش وەک مرۆڤ لەناو چوارچێوەی بەشێک لەمانای ئەودایــن. من پێم وایە «بوون» وابەستە نییە بە ئاوەزداری ئێمەوە، بەڵکو لە دەرەوەی «ئاوەزی» ئێمەوە «بوون» خودێکی بێسنوور و ئامادەیە. واتە ئەم «بوونە» ئێمەی لە خۆیدا هەڵگرتووە! تەنانەت نەک بە تەنها ئێمە و» ئاوەزی» ئێمە، بگرە

**من پێم وایە «بوون» وابەستە نییە بە ئاوەزداری ئێمەوە، بەڵکو لە دەرەوەی «ئاوەزی» ئێمەوە «بوون» خودێکی بێسنوور و ئامادەیە. واتە ئەم «بوونە» ئێمەی لە خۆیدا هەڵگرتووە!**

«بوونی» سەرجەم گەردوونی لە خۆیدا هەڵگرتووە. من هەمیشە دەڵێم، ئێمە سەفەرێکین لەناو بوونێکی ڕەهادا، کە بەشێکی بە بەرچاومانەوە خاک و خۆڵ و ئاسمان و ئەستێرەکانە و ئەولاتریشی فەزای زۆر فراوانی تاریک و خۆڵاوی و بێهەوا و ..... هتد، نەک ئەو «بوونە» زەبەللاحە بێسنوورە لە ناو ڕۆح و «ئاوەزی» ئێمەدا بەخیوبووبێت و دابێتی لە شەقەی باڵ.
دەی خۆ دروستە، ئەوە ئێمەین ئاوها بە «ئاوەز» جیهان دەخوێنینەوە، بەڵام با لەبیرمان نەچێت بەر لە ئامادەیی «ئاوەزی» ئێمەش، «بوون» خۆی لە خۆیدا حەقیقەتێکی سەرسەخت بوو! من پێم وایە، ئێمە لەناو ئەو حەقیقەتەوە دزەمان کردووە بۆ ناو ژیان. کەواتە «ئاوەز» دەتوانێت بە شوێنی زۆر دوورتر بگات، لەوەی تا ئێستا پێی گەیشتووە. بەڵام هەرگیز ناتوانێت بگاتە هەموو لاکانی «بوون»! هەڵبەت ئەگەر بێم و شرۆڤەی «بوون» بکەم، بە مانا هەرە فراوانەکەی خۆی، ئەوا ڕێگا بە خۆم دەدەم و دەڵێم، نا.. نەخێر، من وای نابینم، کە «بوون» تەنها پەیوەست بێت بە «ئاوەزەوە»، بەڵکو بە پێچەوانەوە «ئاوەز» پەیوەستە بە «بوونەوە»! کەواتە «ئاوەز» لە دەرەوەی «بوونەوە» ناتوانێت زەمینەیەکی تری هەبێت بۆ گەشە، بەڵام بە پێچەوانەوە «بوون» لە دەرەوەی «ئاوەزەوە» تا ئەبەد لە خۆیدا دەمێنێتەوە.

# ئەوە ئیمەین فیلمەکان دروست دەکەین، تا بە هۆیانەوە بگەڕێینەوە سەر ئینسانبوون



فیلمی خۆشەویستی لە دەرهێنانی «گاسپەر نۆیس»، یەکێکە لەو فیلمە جوانانەی کە کەئابەئاسا دەست پێ دەکات و دەگاتە لووتکەی چێژ کە هەمان پێکەوەبەستنەوە خۆشەویستی و سێکسە و دواتر دووبارە شۆڕ دەبێتەوە بۆ کەئابەبوون.

کچێک (ئەلکێترا) و کوڕێک (مۆرفی) بە هەڵکەوت لە پاریس پێکەوە ئاشنا دەبن کە کچە هونەر و کوڕە سینەما دەخوێنێت و عاشقی یەکتری دەبن. فیلمەکە بە دەیمەنێکی سێکسی سێکسی دەست پێ دەکات و ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم فیلمەدا هیچ شتێک سانسۆڕ و نەپسێنراوە و ڕێگەدراوە ئینسان وەک خۆی نیشان بدرێت نە جوانتر نە ناشیرینتر.

مۆرفی هەڵبەت پێ پەیوەست نییە بە «یاسای مۆرفی»ـیەوە کە بەشێکە لە مەتەڵەکی زمانی و فەرهەنگی ڕۆژئاوا و لەسەر بنەکای ئەوە بنیات نراوە کە «ئەگەر ڕێگەی جیاواز بۆ ئەنجامدانی کارێک هەبێت کە یەکێک لەو ڕێگەیانە بە خراپی و کارەسات کۆتایی بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەسێک کارەکە بەو ڕێگایە ئەنجام دەدات». هەندێک یاساشی بریتین لە:

«ئەگەر بە هەڵە تێلت بۆ کەسێک کرد، دڵنیابە کە هێڵی تەلەفۆنی ئەو کەسە لەو کاتەدا مەشغوڵ نییە» یا «پێبکەنە، سبەی ڕۆژێکی خراپترە» یا «کە دەستتان پیس و بە ڕۆن بێت، دڵنیابە لووتت دەست بە خوران دەکات».
ئەمانە بە شێکی بچووکن لە یاساکانی مۆرفی، هەر بۆیە مۆرفی نێو فیلمەکەی خۆشەویستیش بەدەر نییە لەم یاسایانە، کاتێک کە لەگەڵ هاوڕێی دۆستەکەی دەخەوێت، ساتێک پێش ڕەحەتبوونی کاندۆمەکەی دەدڕێت و زگی کچە پڕ دەبێت، بۆیە دۆستەکەی لێی دەتۆرێت. ئەم تۆرانە سەرەتای گێڕانەوەی فیلمەکەیە کە مۆرفی لە خەو و بە دونیایەک کەئابەوە و بە گریانی منداڵەکەی کە هەمان ناوی دەرهێنەرەکەی لێ نراوە، هەڵدەستێت.
لەم فیلمەدا زۆر بە جوانی باسی سێکس و سەرجێی کراوە تا ئاستی شێتیەتی، هەموو ڕێگەکانی تاقی دەکرێنەوە تا ئاستی لادان، بەڵام ئەوەی دواجار لەم شەڕی سێکس و خۆشەویستییە کە دەیبانەوە، هەمان شکستی عەشقییە، شکستێک کە فەلسەفە و بنەمای خودی فیلمەکەیە. مۆرفی لە حەمامەکەدا بۆ کۆنەدۆستەکەی دەگریت، منداڵەکەی دەرگای حەمامەکەی لێ دەکاتەوە، مۆرفیش بانگی دەکات، لە نێو وانی حەمامەکە لە باوەشی دەگریت و ئەویش بە گریانی باوکی دەست دەکات بە گریان. مۆرفی بە منداڵەکەی دەڵێت: «گاسپەر بوورە، ژیان ئاسان نییە، ڕۆژی بۆ خۆت تێدەگەی، من بزر بوومە...»
لەم فیلمەدا سەرەڕای گەرمی دیمەنە سێکسییەکانی، کەچی پەیوەندییە خۆشەویستییەکان زۆر جاران هێندە قورس دەبن، کە مەجبووری جیا ببیتەوە بۆ ئەوەی بەشێک لەو نەفرەت و ماندووبوونە نەمێنێت کە عاشق بەرامبەر مەعشووق هەیەتی.

**مۆرفی:** مانای ژیان چییە؟ **ئەلێکترا:** خۆشەویستی

**کوڕە:** لە مەرگ دەترسی؟

**ئەلێکترا:** من لە ئازار دەترسێم، نامەوێت بە ئازارەوە بمرم.

# پیرۆزبایی ۲۰۲۲ی پەرستارێک لە وەرگێڕێک

**پەرەستار:**

ژیان ئەو شەرابە نەبوو کە پێمان وابوو تا بمێنێتەوە خۆشتر ئەبێت. مرۆڤەکان ئەوە نەبوون کە پێمان وابوو جێگەی چاوەڕوانی بن... ئەو چاوەڕوانیانەمان هەنگوین نەبوون و لە دەمماندا تامی خۆشی بدەنەوە.. من کورت و پوخت پێت دەڵێم بیرت دەکەم.. ئەگەرێ بۆم بنوسیت، بۆم بنووسە وەک ئەو جارانەی کە ئەموت چاوەکانم ڕەنگی ئەوینیان بیر چووەتەوە، تۆش ئەتوت: چاوە سەوزەکانت بەهارین و ژیان تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە. وتم: تەنهام و خەمڕەوێنم نییە، وتت: ژیان سێوێکە، بیخۆی



تـەواو دەبێـت و نەیخـۆی دەگەنێـت.
ئێمەومانـان نابێـت دڵـمان بـەوە ئـاو بخواتـەوە کـە یەکێـک سـێوێک بخاتـە دەستمانەوە، ئاخـر ئەرکـی سـێو لـە پـاش بیردۆزەکـەی نیوتـن تـەواو بـوو.. وتـم: چیـتر دۆڕاوم و دڵـم خورپـەی تێـدا نەمـاوە، وتـت: چەنـدە باشـە کـە دڵ لـە دونیـای مەجـازی و فانـی کاڵ کاڵ بێتـەوە و بـە تەنها دڵـە پاکەکـەی شـک ببـات. بڕوانـە، مـن چـۆن هەپـرون دەبـم و شـەق ئەبـەم و ڕۆژانـە لەنـاو تـەرم و مردنـدا ژیانـم بیـر چووەتـەوە، بڕوانـە ئەوینیـش کاری خـۆی بیـر چووەتـەوە، ئەوەتـەی دەسـتم بـە مردنـەوە گرتـووە، کار بـۆ ئـەوان بکـەم. چـاو بـۆ دارشـەق ئەگێـرم و لەبیـرم کـردووە قاچـم هـەن..
ئـای کـە بیـری خەتخەتێنـی سـەر شۆسـتەکان ئەکـەم، بـە قـژە کارییەکـەم و پێـڵاو قەیتانییەکانمـەوە.. مـن چەنـد گـەرم لەگـەڵ مـەرگا ئەژیـم و چەنـد سـارد بـۆ ژیان ڕا ئەکـەم و چەنـد بیـرت ئەکـەم...

ساڵی نوێت پیرۆز

**وەرگێڕ:**
دەمەوێت یەکەم پەیامی ساڵی ٢٠٢٢ بە منەوە دەست پێ بکەیت.
وا نەزانـی کـە نامەیـەک دەنێریـت، ئیـتر لەبیـری دەکـەم و وەڵامـی نادەمـەوە، نـا بـە هاتنـی نامەیەکـت ماخولیانمـە چڵـۆن وەڵامێکـت بدەمـەوە کـە بتوانـم هـەم ئاسـمان و هـەم زەوی لـە هەمـان ئاسـتدا لـە بەرامبـەرت ڕاگـرم. جـوانی سـاڵی ڕابـردوو لـەوەدا بـوو دونیایـەک گفتوگۆمـان کـرد، نامەیەکـی زۆرمـان پێکـڕا گۆڕییـەوە کـە دەشـێت زۆریـان بێتاقـەتی و خەفـەت و تەنیایـی و حەسرەتیـان لـە خـۆ گرتبێـت بەرامبـەر ژیانێـک کـە دەشـێت ژیـانی ئێمـە نەبێـت، یـا بەرامبـەر زەمەنێـک کـە زەمـەنی ئێمـە نەبێـت.
هەرچۆنێـک بێـت ئێسـتا ئێمـە مەحکومیـن بـە ژیـان، مەحکومیـن بـەو ژینگەیەی

تیایدا دەژیـن، ڕەنگـە ژینگـەی دڵخـوازی ئێمـەش نەبێـت، ڕەنگـە هێنـدە دڵـمان پێـی خـۆش نەبێـت بـەڵام دواجـار دەبێـت لەگەڵـی هەڵکەیـن، هەڵبەتـە بـە وەبەرچاوگرتنـی هەمـوو سـنوورەکان. مـن بـاوەڕم بـە سنووردرووسـتکردن نییـە بـۆ خـۆم، بـەڵام بـڕوام بـە دروسـتکردنی چەندیـن سـنوور هەیـە بـۆ دەوروبـەر و خەڵـک و نامەوێـت ئـەو هێورییـەی بـۆ خـۆمـم دروسـت کـردووە بـە کەسـانێکی گەمـژە تێـک چێـت. نامەوێـت ئـەو دونیابینییـەی هەمـە، کەسـانی دیکـەی نـەزان لێـی پەشـیمانم بکەنـەوە.

ئـەوە هەڵاتـن و بێهێـزی نییـە، هێنـدەی دروسـتکردنی هێورییەکـە بـۆ گەیشـتن بـە خەیاڵەکانـم. چونکـە گـەر مـرۆڤ خەیاڵـی نەمێنێـت دەمرێـت، دەبێتـە پووشـکەیەکی بەتـاڵ، دەبێتـە تۆزێـک و بـەدەم بـاوە سـەرگەردان دەبێـت. ئـەو هەمـوو وتـم و وتتانـەی کـە لـە نێـوان مـن و تـۆدان بـۆ ئـەوەن ڕۆشـن بینـەوە بەرامبـەر ئـەو تاریکییەکـەی کـە هـی ژینگـە نییـە بەڵکـو هـی مرۆڤەکانـە و دەبێـت خۆمـانی لـێ بپارێزیـن.

تۆقێنەرتریـن تاریکـی، تاریکـی شـەوەزەنگی نێـو دارسـتانێکی وژەوژکـەر نییـە، یا تاریکـی ژێرزەمینێکـی بـێ ڕووناکـی و بـێ پەنجـەرە و پـڕ لـە دێـو و درنـج نییـە، بەڵکـو تۆقێنەرتریـن و مەترسـیدارترین تاریکـی، تاریکـی ڕۆحـی مرۆڤـە، کاتێـک بنیـادەم ڕۆح و دەروونی تاریـک دەبێت، ئیـتر وەک مردوویـەک وایـە، بـۆ بەرگرتـن بـەم تاریکییـەش دەبێـت خەیـاڵ بکەیـن، خەیاڵـی مەحـاڵ بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـەم ژیانـەدا زۆرێـک لـە موومکینـەکان بهێنینـە دی، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بفڕیـن و لـە بەرزاییەکانـەوە گەشـت بکەیـن، بـۆ ئـەوەی ئـەو پانتاییـە فراوانـە ببینیـن کـە بـە چـاوی ئاسـایی نابینێرێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕۆحـە دڵخۆشـانە ببینینـەوە کـە شـەپۆلی ئەرێنیـمان دەدەنـێ.


ساڵی نوێت پیرۆز

# ٤ شیعر لە بۆکۆفسکـــــــــــــــــــــی

## بەساڵاچووەکانم خۆش دەویست

بەساڵاچووەکانم خۆش دەویست
بەڵام پیری نا،
پیری هەموو شتێک لە مرۆڤ دەڕفێنێت
هەر لە زەینەوە بگرە تا گان.
دەزانی ئیتر کۆتاییتە،
هەموو شتێکت دەبێتە ڕابردوو
لانیکەم وەک خانەخوێیەک کە حەزی لێیە ئازاد بێت
بەڵام چرکەبەچکە دەزانێت هاکا لە دەرگا درا..
چاوەڕوانیی مەرگ
خراپترە لە خودی مەرگ.






## وازهێنان لە ئیحساس

مرۆڤ دەگاتە ئاستێ
دەست دەداتە خۆکوژی،
نەک ئەوەی مووسێک هەڵگرێ و ڕەگی ببڕێت
نا
بەڵکو واز لە ئیحساسی دەهێنێ!

## تەنیایی

ئاهـ باوەڕکە
تەنیایی زۆریش قورس نییە
شتگەلی زۆر خراپتر لە تەنیایی هەن،
بەڵام
هەزاران ساڵ دەخایەنێت
تا مرۆڤ لەمە بگات..
ئەودەمەی
تێشدەگات ئیتر درەنگە و
هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە
درەنگ کەوتبێت
زۆر دەنگ..

## هەوای باش
## وەک ژنی باش وەهایە

هەوای باش
وەک
ژنێکی باش وەهایە
هەمیشە نییە
ئەودەمەی کە هەشە
هەمیشەیی نییە!

کەچی پیاو
ماندگار و بەردەوامە
گەر خراپ بێ
درێژتر بە خراپی دەمێنێتەوە و
گەر باش بێت
وەها زوو خراپ نابێ!





بەڵام ژن دەگۆڕێت
بە منداڵ
بە تەمەن
ڕێجیم
قسە
مانگ
بوون و نەبوونی خۆرەتاو
دەمەساتێکی خۆش

دەبێت ئاگات لە ژن بێت
بە عەشق،

پیاو
دەتوانێت بەهێزتر بێت
گەر نەفرەتی لێ بکرێ.

# شێرزاد هەینی



# لە ئەتلەسی خۆم و دونیاوە

## ١
## مرسیلیا

ئیمشـەو، من و هاوسـەرەکەم لە شـاری مارسـیلیای باشـووری فەرەنسام، شـارێکی گەورەیـە، یەکەمجـارە لەنـاو شـارێکم موسـلمان، ژن و پیـاو پێکـەوە لـە کافتریـا، شـان و سـینگ رووت و ژنـی موحەجەبـە دادەنیشـن، شـارێک زۆریـان موسـلمان و بـە بەرەکەتـی خـودا و قورئـان کاسـبی دەکـەن، لەنزیـک ئەوانیـش مـەشروب دەخورێتـەوە، شـارێکە زۆری موسـلمانە، بـەڵام کەس سـەیری سـمتی ژن و سـینگی رووتـی ژنـان نـاکات... شـارێکە هەمـوو نوێـژ دەکـەن، بـەڵام ئاسـاییە کڵێسـا کۆنەکـە شـاناز و جـوان رازاوەتـەوە! چونکـە سیسـتەمێکی ئەوروپـی شارسـتانی مەدەنـی دوور لـە ئایـن حوکمـی دەکات، چونکـە شـارێکی گـەورەی دەوڵەتێکـی عیلمانییـە، لـە فەرەنسـایە. بـەو شـەوە روونـاک و ئـاوەدان و هێمنـە مرسـیلیا.

***

دوێنـێ لـە شـاری مارسـیلیا چووینـە نـاو بـازاڕی عەرەبـەکان، کابـرای ریشـدار بـە کڵاو سـپییەوە زۆر زۆر بەخێرهاتنـی کردیـن، بیسـملا و ماشـاللە و موبـارک و بارکـت و ئەلحمەدوللـەی بـوو. پەنیرمـان لێـی کـڕی، بەیانـی سـەیرمان کـرد، پەنیرەکـە چـل رۆژ بـە سـەر ئیکسـپایەرەکەی رەتبـوو، ماشـاللە کـە درۆزن بـوو، ئەلحمەدوللـە بەرواره‌کەمـان خوێندنـەوە، ئەگەرنـا سـەفەرەکەمان موبـارەک



نەدەبــوو. ئــای حاجــی درۆزن!

***

شــاری مرســیلیا فەرەنســا هەمــوو رەنــگ و نەتــەوە و رەگــەزی تێدایــە، ویســتم لەکــن ئەفریقییەکــی خەیاتــی خوێــن شــیرینە قەمیســێک بکــڕم، بــەڵام ســەرەنجم دا، ئاســان نییــە ئــەو رەنگانــە لەبــەر بکــەم... بــەڵام پێــم جــوان بــوو. مرســیلیا کوردیشــی تێدایــە، ژنێکــی جەزائیــری گوتــی: کــورد لێــرە زۆرە، ژیــان و تێکەڵبوونیــان بــە کەلتــووری فەرەنســی باشــترە لــە عــەرەب. مــن لــە فەرەنســا لــە دایکبــووم و گلەییــم لــە خۆمــان هەیــە، ناتوانیــن ببینــە فەرەنســی. لێــرە دکتــۆر و نەخۆشــخانەکانیان باشــە.

مرســیلیا دەبــێ مێژووەکــەی باڵکێــش بێــت، چونکــە بەرامبــەر جیهانــی ئیســلامی بــووە، دیــارە کاریگــەری زۆر بــووە لــە پێگەیاندنــی عــەرەب و موســلمانەکان.

فەرەنسا و شاری مارسیلیا تەواو.



## ٢
## پەیڤ و دیمەن و وێنەکانی قاهیرە

لەنـاو قاهیـرە، قاوەخانـە کەلتورییـەکان بازاڕیـان زۆر گەرمـە، جەنجاڵـی زۆرە. رۆشـنبیران، بـە هـەردوو رەگـەز، نێـر و مێینـە موحەجەبەکانیشـیان، تـا درەنگانـی شـەو، تێـدا دادەنیشـن و دەپەیڤـن، قـاوە و نێرگەلـە و چـا و خوێندنـەوە و هاوسـۆزی گەرمـی تێدایـە.

ئەوانـە هەمـوو لـە گۆڕەپانـی تەحریـر و مەیدانـە، شـوێنی سـادە و هـەرزان و ئاوەدانـن! بـەڵام مێژوویەکـی دێریـن و کرانەوەیەکـی بـێ سـنوورن!

بـۆ دۆزینـەوەی هەمـوو شـوێنێک، خەڵکەکـە ئامادەیـی زۆریـان هەیـە، وەڵامـی پرسـیارەکانت بدەنـەوە و دۆزینـەوەی شـوێنەکەت بـۆ ئاسـان بکەن. ئـەوان خۆیان شـارەزان، گوێـم لـێ نەبـوو یەکێـک بڵێـت نازانـم! یـان بڵێـت نـاوم نەبیسـتووە! ئەوەیـە هاوڵاتـی دڵسـۆز، شـاری خـۆی دەناسـێت، ئینجـا شـارێکی گـەورەی وەک قاهیـرە! لـە هـەر کەسـێک، گـەورە و بچـووک، نێـر و مێ بپرسـیت، ناوی شـوێنێک بپرسـیت، دەزانێـت. پیـر و گەنجەکان، ئەو شـارە گەورەیـە، قاهیرەکەیان دەناسـن! لەکـوێ فێربـوون، چـۆن ئـەو هەمـوو ناوەکانـی شـارەکەیان لەبەرکـردووە؟ چـۆن سـەردانی ئـەو هەمـوو شـوێن و هەوارەیـان کـردووە؟ چونکـە قاهیـرە بەقـەد دونیـا گەورەیـە. قاهیـرە بەقـەد دونیـا پانـە، بەقـەد رووبـاری نیلیـش درێـژە. ئـەوان نـاو شـارەکە بـاش و ورد شـارەزان!؟

***

گۆڕەپانـی «تمثـال» لـە نـاو قاهیـرەی پایتەختـی میسر بەیـادی دانانـی پەیکـەری مەلیـک رمسـیس کـراوە، کـە ٦٧ سـاڵ حوکمـی ئـەو وڵاتـەی کـردووە. پەیکەرەکـە لەنـاو لم و بیابانـا لەلایـەن زانـا و گیانبازێکـی ئیتاڵـی «جیوفانـی» لەسـاڵی ١٨٢٠ی زاینـی لـە ناوچـەی «میـت» بـە شـەش پارچـە و بـە کێشـی ٨٣ تـۆن دۆزراوەتـەوە. لەبـەر گەورەیـی پەیکەرەکـە، نەیانتوانیـوە بیگوازێتـەوە ئیتاڵیـا، بۆیـە بـە

کۆمپانیایەکی ئەڵمانی و لەسەر داوای سەرکردایەتی لەساڵی ١٩٥٤ دەیگوازنەوە گۆڕەپانی «باب الحدید»، دوایی لەبەر پەیکەرەکە، ناو لە گۆڕەپانەکە دەنێن رمسیس.

باب الحدید، یەکێک بووە لەو دەروازانەی شوورەی قاهیرە، کە لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی دروستکرابوو، بەڵام ئەو دەرگایە تەواو نەکرابوو. پاش هاتنی موحەمەد عەلی پاشا لەساڵی ١٨٤٧ی زاینی، بڕیاری رووخانی شوورەکەی سەلاحەدین دەدرێت، بەڵام ناوی باب حدید هەر دەمینێت. پاش چەندان ساڵ بڕیار دەدەن لە کەژاوەیەکی شکۆدار، پەیکەرەکە بگوازنەوە دەروازەی مۆزە نوێیەکەی قاهیرە! ئەوەیە میسر! بۆیەش زوو دەسەڵاتی ئیخوانیان رەتکردەوە! قبووڵی ئەو کەلتورەیان نەکرد، خەڵکەکەش قبووڵی ئیخوان ناکەن، بە رێپێوانێکی جەماوەری ملیۆنی رژێمەکە دەگۆڕن.






# ٣ یاسوناری کاواباتا

یاسوناری کاواباتا، نووسەرێکی ناوداری ژاپۆنە، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە و بەرهەمەکانی لە سەرانسەری جیهان ناسراوە و دەخوێندرێنەوە. کاواباتا لە ئوساکا لە ١٤ی یونیۆی ساڵی ١٨٩٩ لەدایکبووە، تەمەنی دوو ساڵ بووە دایکوباوکی دەمرن و دەکەوێتە لای داپیر و باپیری، ئەوان بەخێوی دەکەن، خوشکێکی هەبووە، ئەویش دەکەوێتە لای پوورێکی. کوڕەکە تەمەنی حەوت ساڵان بووە داپیرەکەی دەمرێت، خوشکەکەی لە تەمەنی دە ساڵی دەمرێت و یەکجاریش دیبووی. هەموو دەمرن و ئەویش دەکەوێتە ماڵی باوانی دایکی، لەوێ لە ساڵی ١٩١٦ دەچێتە بەشی ناوخۆی ئامادەییەکەی تێدا خوێندکار بووە، لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٢٠ دەگاتە زانکۆی شاهانەی تۆکیۆ. لە ئۆساکۆ و تۆکیۆ وەک پەیامنێری رۆژنامەی «ماینیتشی شیمبون» کاردەکات.

***

کاواباتا هێشتا خوێندکار بووە لە زانکۆی تۆکیۆ دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی زانکۆ بەناوی «رەوتەکانی هزری نوێ»، کە ماوەی چوار ساڵ بوو راگیرا بوو. لەوێ یەکەم کورتە چیرۆکی خۆی بەناوی «دیمەنیک لە دیداری رۆحەکان» بڵاودەکاتەوە، لە ساڵانی خوێندنی

لـە زانكـۆ بابەتـی خۆیندنەكـەی دەكاتـە ئەدەبـی ژاپۆنـی، تێزەكـەی بەنـاوی «مێژوویيەكـی كورتـی ڕۆمانـی ژاپۆنـی» دەنووسـێت. لـە سـاڵی ١٩٢٤ خوێندنـی زانكـۆ تـەواو دەكات، هـەر لـەو سـاڵە لەگـەڵ «یوكومیتسـو ریتشـی» و ژمارەیـەك نووسـەری گەنـج ڕۆژنامەیەكـی ئەدەبـی نـوێ بەنـاوی «سـەردەمی ئـەدەب» بڵاودەكەنـەوە، ئـەوەش دەبێتـە ڕووانگـەی ئەدەبـی كـۆن، بەتایبەتـی قوتابخانـە ئاسـاییەكانی ئـەدەب، هـاوكات دژ بـە ئەدەبی كرێـكاری و قوتابخانە سۆسیالیسـتە شـیوعییەكانیش دەوەسـتن. ئـەوەش دەبێتـە یەكێـك لـە بزاڤەكانـی بانگەشـەی هونـەر بـۆ هونـەر دەكـەن، هەروەهـا ڕێبـازی تەكعیبـی و تەعبیـری و چەنـدان ڕەوتـی نوێـی ئەدەبـی كاریـان تێـدەكات. لەودەمانـەش كاواباتـا و یوكومیتسـو بەیەكـەوە زاراوەی «شـینكانكاكوها» دادەهێنـن، ئـەوەش بـۆ گوزارشـت بـووە لـە بزاڤـە نوێیـە ئینتیباعییەكەیـان. كـە پابەنـد بـووە بـە دیـدی هەسـتی جیـاوازی نـاو نووسـینی ئەدەبـی.

پـاش تەواوبوونـی جەنگـی دووەمـی جیهـان، ڕۆمانەكانـی كاواباتـا «هـەزار باڵندەی كەركـی، دەنگـی چیاكـە، ماڵـی ژنـە جوانـە خەوتـووەكان، جوانـی و خـەم و پایتەختـە كۆنەكـە» بڵاودەكاتـەوە. ئـەو كتێبـی «گـەورەی گـو ١٩٥١» بـە باشـترین كتێبـی خـۆی دەزانـی، كـە لەگـەڵ هەمـوو نووسـینەكانی تـری جیـاوازە. كتێبەكـە دیدێكـی نیمچـە خەیاڵییـە لەسـەر یارییەكـی گـەورەی گـو لـە سـاڵی ١٩٣٨. كاواباتـا لـە ڕۆژنامـەی «ماینیتشـی» لەسـەری نووسـیوە، ئـەوەش دوا یـاری بـووە لـە كاروانـی شوسـای مامۆسـتا پیشـەییەكە، تێـدا بەرامبـەر ركاربەرەكـەی ئـەوەی بەتەمـەن لـەو بچووكـتر بـوو دەدۆڕێـت. بۆیـە پـاش سـاڵێك یـان كەمـتر دەمرێـت، ڕۆمانەكـە گێڕانـەوەی سـەربردەی خەباتێكـی پیـرۆز و جوانـە، بـەڵام ڕۆمانەكـە وەك ئاماژەیەكـە هاوشـانی شكسـتی ژاپۆنـە لـە جەنگـی دووەمـی جیهـان. كاواباتـا بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ و پـاش جەنگەكـە دەبێتـە سـەرۆكی دەسـتەی قەڵەمـی دەوڵـی، ئـەوەش كار دەكات ئەدەبـی ژاپۆنـی بكەنـە ئینگلیـزی و زمانانـی تریـش.

# ٤

# بلزاک دانەری واقیعیەت و گەواهی دڕندەیی شۆڕشی فەرەنسی



«ئونوریە دی بلزاک» رۆماننووسە فەرەنسییەکە پاش «فلوبیر» ئەو دانەر و بنچینەی واقعیەتی ئەدەبی ئەوروپی دەژمێردرێت، چیرۆک و بەرهەمی زۆری نووسیوە:

ئونوریە دی بلزاک لە رۆژی ٢٠ی مایۆی ساڵی ١٧٩٩ لە شاری توور «Tours»ی فەرەنسی لەدایکبووە، باوکی برنار بلیسا کاری تۆماری دادگایی بووە، دایکی «ئان شارلوت سالمبییە» ژنێکی وشک و سارد بووە لەگەڵ منداڵەکانی، ساڵێک دواتر ژنەکە کیژێکی دەبێت، «لور» وەک براکەی ناودار نابێت و ناناسرێت.

لەساڵی ١٨١٣ بلزاک لەبەر کاڵفامی و کۆڵەواری واز لە خوێندن دەهێنێت و دووبارە لەساڵی ١٨١٦ دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی، لە تەمەنی بیست ساڵیش چیرۆک بەناوی خواستراو دەنووسێت، چیرۆکێکی تراژیدیایی بەناوی «کرومویل» لەساڵی ١٩٢٠ دەنووسێت، چیرۆکێک بەناوی «ستینی» دەنووسێت بەڵام تەواوی ناکات، چیرۆکی زۆری تریش دەنووسێت وەک «پاشماوەی بیراج» و «جان لویس» و «سەد ساڵی» و «کاهینەکەی ئاردین» و «دوا پەنیر»

و «ئەنیت و تاوانبارکە» و «کۆدی راست ئاراستەکان» و چیرۆکی زۆری تر. لەودەمانەش چیرۆک و رۆمان زۆرتر ژنان حەزیان لێدەکرد و پیاوانیش شیعر و رەخنەیان پێ خۆش بووە، بەڵام خوێنەرەکانی زۆر بەوە سەرسامی بوون، بەرهەمی زۆرە.

لەساڵی ١٨٢٦ بلزاک وەک خاوەن چاپخانەیەک و دەزگایەکی پەخش کاردەکات، ئیتر لەودەمانەوە دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی «شۆڕشگێرەکانی پاشا» و «فیزیولۆژیای هاوسەرگیری» لەو ساڵە بڵاودەکاتەوە، ژمارەیەک وتاریش لە رۆژنامە سیاسییەکان دەنووسێت، لەساڵی ١٨٣٠ کتێبێک بەناوی «بونەوەرێکی ناو چۆڵەوانی» و هەر لەو ساڵەش «هەواری پشیلە ماتەکە» و «شکانی نەمری» و ساڵی دواییش بابەتی زۆر بڵاودەکاتەوە لەوانە «ترساندنی خەم» و «کارە نەمرە نەدیارەکە» و چەندان چیرۆک و رۆمانیش بڵاودەکاتەوە.

لەساڵی ١٨٣٧ دوو کتێبی گرینگ بڵاودەکاتەوە، «وەهمە ونبووەکان» و «جمبازا» هەر لەو ساڵەش ئەو کتێبانە بڵاودەکاتەوە «خزمەتگوزارەکان» و لەساڵی ١٨٣٨ «شکۆ و کەساسی سۆزانی» بڵاودەکاتەوە، لەساڵی ١٨٣٩ ئەو کتێبانە بڵاودەکاتەوە «پیاکتریس» و «خوریی گوندەکە» و «نهێنییەکانی شازادە دی کادنیان»، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٤٠ دەبێتەوە بە سەرنووسەری «گۆڤارە پاریسییەکە» بەوەیان دیسان قەرزار دەبێت و لە پاریس دووردەکەوێتەوە و هەر لەو ساڵە رۆمانی «شازادە بوهیمییەکە» بەزەنجیرە لە رۆژنامەکان بڵاودەکاتەوە.

***بلزاک رۆژانە ١٨ سەعات دەینووسی، کتێبی هەبوو بە یەک هەفتەی نووسیبوی، لە کتێبی کۆمیدیای بەشرییەت باس لە ململانێی نێوان جووتیار و خاوەن زەوییەکان و نێوان بازرگان و بەکارهێنەرەکانی کردووە، نووسینەکانی لەسەر شێوازی تۆماری دادگایی کاریگەری باوکی پێوە بووە.

## ٥
## دژ بە هێڵی ڕاست

هونەرمەند و بیناسازی نەمساویی هوندر تفاسر « Friedensreich Hundertwasser» ١٩٢٨_٢٠٠٠ رابەر و ئەندازیاری باڵەخانەی ڕەنگاورەنگی نوێی هاوسۆزی هێڵکاری پێچاوپێچ بووە. کارەکانی ئەو گۆڕانکارییەک بووە لە هونەر و ئەندازەی بیناسازی بە مەرجێک زۆرتر و باشتر لەگەڵ سرووشت بگونجێت، لەگەڵ دید و نیگاش سازگار بێت، دوور لە هونەریش ئەو کەسێک بووە پشتیوانی مافەکانی مرۆڤ و یارمەتیدانی داماوانی جیهان و ژیانی جوان لەگەڵ سرووشت کردووە.



لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە ژمارەیەک پرۆژەی لەسەر زەوییە بەرزونزماییەکان و ناو دارستان و بەردەڵان و مێرگەکان هەبووە، دیارە کاریگەری ئەنتۆنی گاودی و گوستاڤ کلیمتی بەسەرەوە بووە. ئەو لەساڵی ١٩٧٤ پوولێکی پۆستەی بۆ دارێکی حەلەزونی داناوە، ئاستی هونەری ئەوەندە بەرز بووە وەک پوول سەیری نەکراوە، چەندان پرۆژەشی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان داناوە.

**ڕۆژنامەی «قەبەس» ی کوەیتی**

## ٧

## کەعبە



گیانە رووت بەرەوە بۆ من، پۆشتەش بۆ خوا،
شەرمن لە کەعبە، بەشەوقیش بە، لە کاتی بەزم و سەما،
لە قیامەت و حەشریش مەترسێ، ئازایانە بڵێ بریا،
ئاگر و دۆزەخ هەبوایە، نەک دووری لە تۆ و ماڵئاوا،
جەستەت سپییە، بەڵام پیرۆزە و بەردە رەشەکەی منە
بۆ نوێژ و جەژن و سەڵاوات و دوعا.

## جلی ژێرەوە



هەموو عالەم لە کابول،
لە سدنی خەتیان هەیە،
قسە دەکەن و زەوقیان هەیە،
تەنیا من و تۆ نەبێت!
دوورین و ئاگامان لەیەک نییە،
ئینجا
خەڵک و چاو و شاریش باسمان دەکەن،
دەڵێن ئەو دووانە عاشقن
و
بەردەوامیش شەوانە بەیەکەوە رووتن و
جلی ژێرەوەشیان لەبەردا نییە.

## شەوت هەزار شەوی دژوارە، دوور و تاڵیشە!

ئەگەر دەستماڵ و سەرین و چەرچەف و دەستەسڕت؛ تەڕ و بۆندار و گەچراو و نەرم و پەرتەوازەی بەر دەستوپێ و سینگ و پشت و قژ و بەژنت نەبێت!

شەوت یەک چرکەیە، یەک هەناسەیە، نیگایەکی شیرین و توانەوەیە!

ئەگەر پەنجەکانت لەناو دەستوپەنجەی یەکێکی سەما بکەن، ون و تیکەڵیش بن. ئەگەر قژت بفڕێت و کۆنەکردێتەوە. ئەگەر چراکە کز، ئەگەر موزیکەکە نەرم وەک باران بێت.

شەوەکە یەک چرکەیە، ئەگەر بەو رانەگەیت چرکەکانی؛ شادی تام چێژ ئاسوودەیی ئۆخەیی واو وواوت پێ نەژمێردرێت!

شەوێک لە درزی پەنجەرە، لەگەڵ لەرینەوەی پەردەکە، لەودەمانە ژنێک تەنیایە و جەستە نەرم و گەرمەکەی؛ گران و تەڕەکەی دەلەرزی، سەرمایەتی، یان گەرمایەتی، ژنەکە دەنگ هەڵنابڕیت، بەڵام بۆنی دەگاتە بەر هەناسە و خوناوی گوڵزارێک، ئەوانیش یەکێک دەنێرنە ژنەکە بخەوێنێت، ژنەکە جوان داپۆشن، تا کەسی تر قەدە چنارەکەی، قژی چاوە گەرمەکانی نەبینێت! شەوێک جەستەیەکی نەرم سوتاوە، نەرمتر بووە، تا دەستی هونەرمەندێکی دەیکاتەوە ژن و تام و شیرینی و خۆشی!

شەوێکیان ژنێک بەتەنیایە و دەڵێت تەنیا نیمە، گەرمە و دەڵێت پەرۆش نییم، بەیەک چرپەی شووشەی پەنجەرەکە، بە ترپەی سووتانی مۆمەکەی دوو بست لە جەستە گەرمەکەی دوور بوو، بەو چرپە



دەبێتە بورکان، لافاو، پەمۆ، بەهارێکی گەش، زوو ژنەکە بە چرپەکە دەڵێت: وەرە، تەنیاترم لە خۆم، هەر منم گوێم لەو ترپەیە، وەرە لە هەناوم ترپەیەکی گەورە و گەرم و گزنگ و گریان و گاڵەگاڵ و گڕ و گڵدانەوە و گیان گیانم بۆ بکە .

ژنەکە دیارە بەتەنیا نییە، گوتی بەتەنیام و بەتەنیاش نییم بەڵام ماوەیەک باڵندەیەک باڵەفڕە دەکات ژنەکە گوڵەکانی ئاو بدات، ئەویش دوو دڵۆپە ئاو لە گەڵاکانیان بدزێت، بەڵام ژنەکە دیار نییە، دیارە بەتەنیا نییە، سەرقاڵی ئەوەیە، قەمیسی پیاوێک ئوتو بکات، ماندووە و شەو نەخەوتووە!

لە ژوورەوە بەخەیاڵ رۆیشتووە، یان بەڕاستی وەک تیرۆژ لە درزێکی باریک، لەگەڵ سێبەر، لەگەڵ کزەی شەماڵ، بووە بە باڵندەکە لەگەڵ دەنگەکەی داوایکردووە فڕیوە! نەرم نەرم دەرچوە، بۆیە خشپەیەکی نییە، چرپەیەک ناکات، جووڵەیەکی بە شانی نەکردووە، سەمای بە قژی، ناز بە سینگی، سووتان بە چاوی دیار نییە، نەرم نەرم رۆیشتووە!



## ٨

## کازم ئەلحەجاج

تۆ ئەی زوها حەدید، لێرە لە تاریکی
ئەو ڕۆژەدا،
بۆ بەر لە کۆچکردنت،
وڵاتێکت بۆ دیزاین نەکردین،
شوورەکەی بەقەد دارخورمایەک
بەرز بێت
تێدا منداڵەکانمان،
لەبەر بازرگانانی قوریش ئاسوودە
بخەون،
وەک چۆن خۆت لەوێ، ئاسوودە،
لەناو گۆڕستانێک،
جوانتر لە بەغدا خەوتووی.

**ئەلحەجاج:**
شاعیرێکی ناسراوی بەسرایە.

**زوها حەدید:**
بیناسازێکی جیهانی ـ موسڵاوی بوو، لە لەندەن مرد.

٩

# دەمەوێ وا بمرم

## غادە ئەلسمان



هیوادارم بمرم و قەڵەمم لەناو دەستی بێت و بسلمێنم تا دوا هەناسەی دەمەوێ بنووسم.
نامەوێ لە کلینکێک بەنەخۆشییەوە بمرم، نامەوێ گوللەیەکی «دێوەزمەیەکی بەیروت»بمکوژێت، نامەوێ لەسەر رووباری «سین» بم و لە کەشێکی جوانی پاریسی بە دڵەکوتەیەکی لەناکاو بمرم.
دەمەوێ لە وڵاتی دووەمم بمرم، لەبەردەم پارچە کاغەزێکی سپی، لەسەر مێزی نووسین بمرم، دەخوازم هەواڵی مردنم و دوا ستوونم، لەیەک ژمارەی رۆژنامەکە بڵاوبکرێتەوە.

**رۆژنامەی القدس العربی ٢٠٢٠/٨/٨**

# نووسینی بن لێفەیەک....

خەریکی خوێندنەوە بووم، بەباشیش چاوێکم لەسەر کۆمێنت و نامەکانیش بوو. ماوەماوە و بەدیقەتەوە دەگەڕامەوە سەر نامە و کۆمێنتەکان. دێڕێکی ناو کتێبەکە، پەیڤینی پاڵەوانەکە، پەسنی ورد و جوانی شەپۆل و کەناری دەریا، هەڵکشانی رەنگ و شیرینی ئاوی رووبارێکی ماندوو، منی رادەگرت، دووبارە دەگەڕامەوە سەر رەنگ و تام و زانیارییەکان، هەڵوەستەم دەکرد، دووبارە چاوە ماندووەکانم دەکەوتنەوە سەر دێرەکان، لاپەرەیەک ئاودیو دەبوو، پەنجەیەکم ئەوەی دەکرد، مێژوو و رووداوێکی بۆ دەگۆڕیم! دەگەیشتمەوە کاروان و هەوارێکی تر! بەڵام سەرەنجم هەر لەسەر نامەکانیش بوو، نامە دەمبەستێتەوە، دوور دوورم دەبات، لەو سەر ئەو سەری دونیای بەرینم پێدەکات، لە فڕۆکەش خێراتر، لە خەونیش شیرینترە!

نامەیەک هات و پونتێکی سوورم بە ناوێکی ژنانە بینی. بەپەلە کلیلکم کرد، بەیەک کلیک نامەکە کرایەوە:

_ پرسیارێکم هەیە، قسەیەک بکەم! «رستەکە دوو سێ وشە بوو، بەڵام پرسیارەکە باڵکێش بوو، کێ هەیە، پیاو هەیە وەڵامی نادایەوە».

_ فەرموو! «بەکورتی وەڵامم دایەوە، بەڵام بەپەلە بووم بزانم چیدەوێت».

_ من نووسەرێکی لاو و پەرۆشم، تۆش قەڵەم و دەنگ و ئەرشیفێکی دیاری، دەمەوێ بەیەکەوە هەڤپەیڤینێک بکەین، دیمانەیەکی تایبەتی، نووسین و قسە و راز گۆڕینەوە «دیارە داواکەی ئەوە کورت بوو».



## ١١

# کەمتەرخەمی

خاڵێکی سەر رانی راستم،
ناڕازییە،
لەوەی تۆ زۆر لەسەر مەمکەکانم
خۆت دەخافڵێنیت.



**ژنە شاعیر و نووسەری لوبنانی «جومانە حەداد»، دەنگێکی ژنانەی یاخی و بوێر بووە، سەرنووسەری گۆڤاری الجسد بووە، لەبەر بۆچوونە رووت و کراوەکانی گۆڤارەکە لە لوبنان دادەخرێت.**